
# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی نۆهەم ژمارە (200) بەرواری 1-10-2025

بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (۱)و (۱٥) هەموو مانگێكدا دەردەچێت


## لە ژیانی تایبەتی كارل ماركسدا
## پۆڵ لافارگ...1890
ل11

وتەی ژمارە

# ڕێكەوتنی سێ مانگەو ئایندەی ڕێكەوتنەكە!!

## عەبدوڵا مەحمود

لەم چەند ڕۆژەی رابردوودا، ڕێكەوتنێك لە نێوان حكومەتی عێراق و هەرێم و كۆمپانیاكانی نەوت، ئیمزا كرا كە ڕێگە دەدات جارێكی تر نەوتی هەرێم لە ڕێگای سۆمۆوە ڕەوانەی بازارەكانی جیهان بكرێت. ئەم ڕێكەوتنە كەبەدوای دەیان و سەدان ڕێكەوتنی بە ئاكام نەگەیشتوودا هاتووە، بەجیا لەوەی



كێشەی دانەوەی قەرزای كۆمپانیاكانی بە هەڵواسراوی هیشتۆتەوە، بەڵام هەنگاوێكە لە ڕاستای كۆتاییهێنان بە كێشەی نێوان بەغدا و هەرێم سەبارەت بە پرسی نەوت و فرۆشتن و بە بازاركردنی.

هەموو لایەنەكانی پەیوەندیدار بەم ڕێكەوتنە لە سەرانی حكومەتی هەرێمەوە بۆ حكومەتی عێراق و نوێنەری كۆمپانیاكان، تا دەگاتە ئەمریكا و وڵاتانی غەرب و ڕوسیا، ئەم ڕێكەوتنامەیە بە هەنگاوێكی ئەرێنی و سەركەوتن تەماشا دەكەن. ئەوەی لەو ڕێكەوتنەدا بە جیا لەوەی دەچێتە بواری جێ بەجێكردنەوە یان نا، ماوەی ڕێكەوتنامەكەیە كە تەنها بۆ سێ مانگە. بەتایبەتی سەرانی دەسەڵاتی دەستڕۆشتوی هەرێم، زۆر پێداگری لەسەر ئەم سێ مانگە دەكەن... ئەوەش نیشانەی ئەوەیە كە دەسەڵاتی هەرێم لەگەڵ ئەوەدا ئەم ڕێكەوتنە بەدەستكەوتی گەورە دەزانن، بەڵام شكستی خۆیان لەم ڕێكەوتنەدا بۆ دوور مەودا دەبینن.

زیاتر لە ١٢ ساڵە، دەسەڵاتی هەرێم چ لە سەردەمی ئابوری سەربەخۆ و چ لەو كاتەوەی دادگای فیدرالی كەیسی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی بە نایاسایی لەقەڵەمدا و ڕێگەی لە ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم بۆ بازارەكانی دنیا گرت، خەریكی فرۆشتنی نەوتە. بەتایبەتی دوای ڕاگرتنی فرۆشتنی نەوت لە ڕێگای دادگای فیدرالیەوە، نەوت بەشێوەی قاچاغ دەفرۆشراو

بۆ لاپەڕە 2

## پێویستە دەستی حزب لە خوێندن و پەروەردە كۆتا بكرێت!!



كەس گومانی لەوە نییە كە حزب و حزبە دەسەڵات بەدەستەكان، دەستیان ناوەتە سەرجەم جومگەكانی كۆمەڵگە و پاوانی سەرجەم كەرت و بەشەكانی كۆمەڵگە و بازارو داهات و سامانیان كردووە. لەو نێوەدا ئەوەی زۆر مەترسیدارە دەست تیوەردانی حزبە لە بواری خوێندن و پەروەردەو فێركردندا. بەپێی لێدوانی شارەزایانی بواری پەروەردەو چەندین مامۆستا، حزبە دەسەڵات بەدەستەكانی كوردستان لە ئاستی هەرە سەرەتایی و باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە قوتابخانەو پەیمانگاو

بۆ لاپەڕە 3

## دان نان بە دەوڵەتی فەلەستین، هەنگاوێكی گرنگ!!



دوای ماوەیەكی كەم لە دان نانی دەوڵەتی فەرەنسا بە دەوڵەتی فەلەستیندا، لەم چەند ڕۆژەدا هەر یەك لە وڵاتانی بەریتانیا و كەنەدا و ئوستراليا و پورتوگالیش بە فەرمی دانیان بە دەوڵەتی فەلەستیندا نا. لە بەرامبەر بە دانپیانانی ئەو دەوڵەتانە بە دەوڵەتی فەلەستیندا، دەوڵەتی

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- دەسەڵاتی میلیشیایی لە كوردستان، یەكسانە بەمەرگی یاساو دیموكراسی!........ل4
- لەژێر مشكی و جامانەدا........................................................................ل4
- مانگرتن نەك بایكۆت........................................................................ل6
- ڕادیۆی سیاسی........................................................................ل6
- خراپترین كابینە، كابینەی مەسرور بارزانی و قوباد تاڵەبانییە.......................... ل8
- سەندیكا چییە؟........................................................................ل9
- سەبارەت بە نامەكەی لینین بۆ كرێكارانی ئەمریكا..................................ل10




## دۆسیەی ژمارە "پرسی هۆكارەكانی دواكەوتنی موچە و كاریگەریەكانی لەسەر كۆمەڵگە"
## " هاوڕێ نەغەدە عوسمان وەڵامی پرسیارەكانی داوەتەوە...12-13


پرسی ڕۆژ ل5

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل7-8

# درێژەی وتەی ژمارە

دەسەڵاتی هەرێم ئامادە نەربوو نەوت رادەستی سۆمۆ بکات و لەو چوارچێوەیەشدا ملی بە هیچ کام لە رێکەوتنامەکان نەدەدا، یان پابەند نەبوو بە رادەستکردنی نەوت، و لەجێگا ئەوە بە ئاشکرا خەریکی فرۆشتنی بوو بە نایاسایی و بە قاچاغ و لەوەش زیاتر داهاتی فرۆشتنی ئەو نەوتە نەک نەگەراوەتەوە بۆ داهات و خەزێنەی حکومەت!!، بەڵکو هاوکات کەوتۆتە ژێر قەرزی کۆمپانیاکان. ئێستا کە هەرێم رەزامەند بووە بە رادەستکردنی نەوت بە سۆمۆ، ئاڵوگۆرێکی گەورەیە لە مامەڵەی دەسەڵاتی هەرێم بە دۆسیەی نەوتەوە لەگەڵ بەغدا و لەوەش زیاتر ملدانی دەسەڵاتی هەرێمە بە بریارەکانی دادگای فیدرالی.

ئەم هەنگاوەی دەسەڵاتی هەرێم، ناچاریی و خواردنەوەی ژەهرە و دۆراوی سەرەکی رێکەوتنەکەیە، چونکە بۆ یەکەمین جارە مل بە بەغدا و دادگای فیدرالی بدات و ناچار بێت دەست لە بەشێکی زۆری نەوتی هەرێم لە بەقاچاغ فرۆشتنی هەڵبگرێت... بۆ دەسەڵاتی بەغداش دەستکەوتێکی گەورەیە نەک تەنها لە پەیوەند بەپرسی نەوتەوە، بەڵکو بە پرسی سەرجەم دەسەڵاتی هەرێمەوە کە پێشتر ئامادە نەبوو ملی پێبدات و سەربەخۆ نەوتی دەفرۆشت و ملی بە بریارەکانی بەغدا نەدەدا. هەموو نەرمی نواندی بەغدا لەبەرامبەر سەرپێچیەکانی دەسەڵاتی هەرێم لە پرسی فرۆشتنی نەوتدا، ئەوە بوو کە دەسەڵاتی هەرێم لە پرۆسەیەکدا بێ ئەوەی زبری سیاسی فراوانبکاتەوە گرژی بخاتە ناو ریزەکانی، دەسەڵاتی هەرێم ناچار بکات مل بەخواستی رادەستکردنی نەوت بە سۆمۆ بدات، بەتایبەتی کە پرسی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، هاوپەیمانیەتی و ریزبەستنی تازە، لە ئارادایە.

دەسەڵاتی هەرێم، لە کاتیکدا لەلایەکەوە بەردەوام لەژێر گوشاری بەغدا و لەلایەکی ترەوە لە ژێر گوشاری شەقام و بزوتنەوەی نارەزایەتی فەرمانبەران و موچەخۆرانی هەرێمدا بوو، هاوکات لەبەردەم هەڵبژاردنەکانی عێراقدایە ناچار بوو، مل بەم رێکەوتنە بدات. دەسەڵاتی هەرێم و بەتایبەتی پارتی لەلایەکەوە بۆ خاوکردنەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی موچەخۆران لە رێگای هاتنی موچە و دابەشکردنی و لەلایەکی ترەوە بۆ ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق، ناچار بووە رەزامەندی لەسەر ئەم رێکەوتنە بەشێوەی کاتی بدات، بەلّام دەزانێت لە دوورمەودادا ئەمە بەزیانی خۆی و سەرجەم بزوتنەوەی ناسیونالیمی کوردە و دەرهێنانی تەواوەتی پرسی نەوت و غاز و مل کەچ بوونیەتی بە بریارەکانی دادگای فیدرالی، بۆیە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە رێکەوتنەکە بۆ سێ مانگەو هەمیشەیی نییە، ئەمەش واتای ئەوەیە هێشتا دەسەڵاتی هەرێم ئامادەی رێکەوتنی دوورمەودا و رادەستکردنی نەوت نییەو دەیەوێت کەناڵەکانی فرۆشتنی نەوت لەژێر هەژموونی خۆیدا بێت، ئەوەش مەترسی دوبارە بوونەوەو خۆ دزینەوە لە رێکەوتنامەکان و رادەست نەکردنی نەوت لە دوای سێ مانگەکە، دەخاتە روو.

کەواتە هەرەشە لەسەر رێکەوتنامەکە لەلایەن دەسەڵاتی هەرێم و پارتییەوە هەیە، بەلّام پاشگەزبوونەوەی پارتی یان خۆدزینەوە لە رێکەوتنامەکە یان ئامادەنەبوونی بۆ درێژکردنەوەی دوای سێ مانگەکە، لەسەر پارتی قورستر لە پێشوو دەکەوێت، چونکە هەموو یان زوربەی ئەو لایەنانەی بەشدار و پشتیوانی ئەو رێکەوتنە بوون لەدژی پارتی هەڵوێستیان دەبێت و پارتی بە هۆکاری مردارکردنەوەی رێکەوتنامەکە تۆمەتبار دەکەن، جیا لەوانە دوبارە پرسی دواکەوتنی موچە یەخەگیری فەرمانبەران دەبێتەوە و شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری دەبێتە ئەگەرێکی بەهێز.

دیارە دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا، تەنها بەدوای ئەوەوە نییە، پرسی نەوت لەدەستی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و پارتی دەربهێنێت، بەڵکو واوەتر لەوە دەیەوێت هەژموونی دەسەلّاتی مەرکەزی بەسەر هەرێم و بریاری سیاسی و یاسایی و حقوقی ئەمنی بسەپێنێت و هیچ مەترسیەک لەسەر ئایندەی عێراق لە داهاتوودا لە لایەن هەرێمەوە لەسەر خۆی نەبێت و نەمێنێت. بە کورتی دەسەلّاتی ناوەندی دەیەوێت لەگەڵ باڵەکانی بۆرژوازی کوردی بە رێکەوتنێکی دریژمەدوا بگات، کە بەرژەوەندییە سەراسەرییەکانی عیراق مەیسەر بکات و دەسەلّاتی هەرێم بەتەواوەتی پابەندی بریارەکانی دادگای فیدرالی و دەستور و فیدرالیزم بکات.

دەسەلّاتی هەرێم و بۆرژوازی کورد بەگشتی، هیچ کارت و ئەلتەرناتیفێکی کارای بەدەستەوە نییە بۆ رووبەرووبونەوەی هەژموون و سیاسەتەکانی دەسەلّاتی ناوەندی، لەوەش زیاتر تەنانەت لە پشتیوانی خەڵکی کوردستانیش لە ململانێی خۆی لەگەل بەغدا بەهرەمەند نییە. سیاسەت و کارکردێک کە دەسەلّاتی هەرێم لەگەڵ خەڵکی کوردستان و ماف و خزمەتگوزارییەکان و ئازادییەکان و ژیان و گوزەران، بەدەستیەوە گرتووە، متمانەی خەڵکی کوردستانی بەتەواوەی لەدەستداوە، بەلّام ئەوە بەو مانایە نییە، کە خەڵکی کوردستان مادام دژی سیاسەت و کارکردی دەسەلّاتی هەرێمن، پشتیوانی لە سیاسەت و نەخشەی دەسەلّاتی ناوەندی بکەن... خەڵکی کوردستان خوازیاری ژیان و گوزەران و ئارامی و زامن بوونی مافە فەردی و مەدەنی و ئازادییە سیاسیەکان و ئاییندەیەکی زەمانەتکراوی سیاسین، کە لە بەڵای سەرکوت و بێمافی سیاسی و حقوقی بەتەواوەتی رزگاریان بێت...

ئەم خواست و ویستەی خەڵکی کوردستان واوەتر لە پرسی موچە و خزمەتگوزارییەکانە و پاکیجێکی گەورەترە کە دەیەوێت ئێستای ژیان و گوزەرانی زامن و داهاتووی سیاسی و حقوقی پارێزراو و شکۆ تاکەکانی رێزلێگیراو بێت... ئەم ویست و خواستانەی خەڵکی کوردستان کە خواستی زوربەی خەڵکی عێراقیشە، لە ژێر سایەی ئەم فۆرم و ئەڵگۆیانەی دەسەلّاتی حزبۆکراتی و میلیشیایی لە ئاستی عێراق و کوردستاندا، نەک لە تواناد نییە، بەڵکو خودی ئەم جۆرە دەسەلّاتە و فۆرمە کۆسپی بەردەم هەر ئاڵوگۆرێکی ریشەیی و هەر باش بوونێکی بەرجەستە لە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی سەراسەری عێراقدایە.

هەموو ئەو رێکەوتنانەی لە نێوان بەغدا و هەرێمدا، بەمردوویی لەدایک دەبن، یان زوو مردار دەبنەوە، بەجیا لە بەژەوەندی چینایەنی جیاوازی نیوان بۆرژوازی "کورد و عەرەب، سونەو شیعە"، ریشەی لە فۆرم و دەسەلّاتی حزبۆکراتی و میلیشیایی و تەنانەت بنەماڵەیی و تایفی عێراق و کوردستاندایە، کە جێگایەک بۆ مافی تاک و ئازادی و خزمەتگوزارییەکان و مافی هاوڵاتی بوون دانانێت.

رێکەوتنی سێ مانگەی نێوان بەغدا و هەرێم، ئەگەر بۆ ماوەی سێ مانگی داهاتوو، کۆتایی بە کێشەی دواکەوتنی موچە بهێنێت، بەلّام ناتوانیت بەردەوام بێت و لەدۆخی ئێستادا کۆتایی بە کێشەی نیوان دەسەلّات و هیزگەلی سیاسی ناوەندی لەگەڵ دەسەلّاتی بۆرژوازی کورد بهێنێت.

کۆتایی سێبتەمبەری

٢٠٢٥

دەسەڵاتی هەرێم، بەتایبەتی پارتی لەلایەکەوە بۆ خاوکردنەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی موچەخۆران لە رێگای هاتنی موچە و دابەشکردنی و لەلایەکی ترەوە بۆ ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق، ناچار بووە رەزامەندی لەسەر ئەم رێکەوتنە بەشێوەی کاتی بدات، بەلّام دەزانێت لە دوورمەودادا ئەمە بەزیانی خۆی و سەرجەم بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردە و دەرهێنانی تەواوەتی پرسی نەوت و غاز و مل کەچ بوونیەتی بە بریاەکانی دادگای فیدرالی، بۆیە پیداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە ریکەتنەکە بۆ سێ مانگەو هەمیشەیی نییە، ئەمەش واتای ئەوەیە هیشتا دەسەلّاتی هەریم ئامادەی رێکەوتنی دومەودا و رادەستکردنی نەوت نییەو دەیەوێت کەناڵەکانی فرۆشتنی نەوت لەژێر هەژموونی خۆیدا بێت، ئەوەش مەترسی دوبارە بوونەوەی خۆ دزینەوە لە رێکەوتنامەکان و رادەست نەکردنی نەوت لە دوای سێ مانگەکە، دەخاتە روو...

## درێژەی: پێویستە دەستی حزب لە خوێندن و پەروەردە کۆتا بکرێت!!

زانکۆکان، دەستوەردان دەکەن... بەڕێوبەری قوتابخانەکان و یاریدەدەرەکانیان سەر بەحزبەکانن و بەپێی تەزکیەی حزبی دامەزریندراون. ئەم دۆخە کە حزب دەستی ناوەتە بینەقاقای پرۆسەی پەروەردەو خوێندن و فێرکردن، میراتی بۆگەن و بەجێماوی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و ملهوڕەکانی وەکو رژێمی بەعسە. رژێمی بەعس بەمەبەستی زانیاری کۆکردنەوە و لەراستیدا بۆ سیخواری کردن بەسەر خوێندکاران و مامۆستایانەوە بەرێوەبەرەکانی دەبوو بەعسی بوونایە، ئەو میراتە کە گوێ بە توانایی و لێهاتووی نادات و کەسانی حزبی دەکاتە بەرێوەبەر و یاریدەری بەڕیوەبەر و مەرجی ئەم پۆستانە بەندە بە پشتیوانی لق و ناوچە و کۆمیتەو مەڵبەندەکان، هەمان ئەلگۆی بەعسە کە حزبەکانی کوردستان پەیرەوی لێدەکەن.

دیارە دەستوەردانی حزب تەنها لەو ڕێگایەوە نییە، بەڵکو لە ریگای رێکخراوەی مامۆستایان و خوێندکاران و قوتابیان و چەندین رێگای ترەوە دەستوەردان لەم کایەی خوێندن و پەروەردەدا دەکرێت... جیا لەوانە بەشێک لە پرۆگرامەکانی خویندن و بەتایبەتی لە گێرانەوەی میژوودا، بە سودی بزوتنەوەی کوردایەتی و رابەرانی کەڵکی لێوەردەگیریت. پرۆگرامی کۆنەپەرستانە و تەنانەت هەڵاوردن ئامێز پەیرەوی لێدەکرێت.

ئەم دەستێوردانە لە بواری خوێندن و پەروەردەدا، کاریگەری ئیکجار سلبی لەسەر پرۆسەی خوێندن و پەروەردە دادەنێت و ئاستی بەرەو لاوازی دەبات. کاریگەری لەسەر خەلاقییەتی مامۆستایان و کارمەندانی پەروەدەو خوێندن دادەنێت، کاریگەری لەسەر خویندکاران لەهەموو ئاستەکاندا دەبێت.

پارتی و یەکێتی دوای زیاتر لە ٣ دەهە دەسەڵاتدارێتی لە جێگای ئەوەی ئێستا شوێنەواری میراتی بەعسیان لەناو لەم کایە گرنگ و چارەنووسەسازە کە ئایندەی نەوەکانی کۆمەڵگەی پێوە بەندە، لە بەین بردبا، کەچی تاکو ئێستا دەستیان بەو میراتەی بەعسەوە کردووە کردویانە کوردی. بەراستی مامۆستایان و خوێندکاران و کارمەندانی پەروەردە کاتێک دەبینن هیشتا بە پشتیوانی تەزکەی حزبی بەڕیوەبەر و یاریدەدەرکانیان دادەمەزرێنرین، جگە لە بیرهاتنەوەی کارنامەی بەعس چیت دەبینن؟

کاتی ئەوە هاتووە مامۆستایان و خویندکارانی دڵسۆزو پێشکەوتنخواز، بە خەباتی لێبراوانەو یەکگرتوانەیان گوشار بۆ دەسەڵاتی زۆنەکان بهێنن کە دەست بەرداری دەستوەردان لە کایەی خویندن و پەرەوردە بن و ڕیگا بکەنەوە بۆ خوێندن و پەروەردەیەکی ئازاد و سەربەخۆ، کە کاریگەری گەورەی لەسەر نەوەکانی و ئایندەی کۆمەڵگە دەبێت...

****************

## درێژەی: داننان بە دەوڵەتی فەلەستین، هەنگاوێکی گرنگ!!

ئیسرائیل هەم هەنگاوەی بە "پاداشت بەخشین بە حەماس" ناوزەد کرد و رای گەیاند "هیچ دەوڵەتێکی فەلەستینی بوونی نییە".

داننان بە دەوڵەتی فەلەستیندا، لەجەرگەی داگیرکاری و هێرشی بەردەوامی دەوڵەتی ئیسرائیلدا بۆسەر فەلەستینیەکان و جینۆسایدێکی ئاشکرا کە لە غەززە، ئەنجامی دەدات، ئاڵوگۆرێکی گەورەیە لە ریزبەستنێکی نوێی نێودەوڵەتی لە پەیوەند بەکێشەی چارەسەرنەکراوی خەڵکی فەلەستین و لەوەش زیاتر لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

پشتیوانی بی مەرج و هاوکاری بێدریغ و بەردەوامی دەوڵەتی ئەمریکا لە ئیسرائیل و لەو ملهورییە ئاشکرایەی بەبەرچاوی دنیاوە ئەنجامی دەدات، لەلایەکەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار کردووە، هەڵوێستەیەک بە پشتیوانیان لە دەوڵەتی ئیسرائیل بکەن و خۆیان لە ژێرِ هەژموونی رەهای ئەمریکا، دوربخەنەوە، لەلایەکی تریشەوە ئاستی نارەزایەتی شەقام و دنیای شارستانی لەبەرامبەر بە ملهوری ئیسرائیلدا، لە وڵاتانی ئەوروپا، بۆتە گوشارێکی گەورە لەسەر دەوڵەتانی ئەوروپا، بۆ بریاردان بە داننان بە دەوڵەتی فەلەستیندا.

کاردانەوەی دەوڵەتی ئەمریکا و نارِازی بوونی بە هەڵوێستی وڵاتانی ئەوروپادا بۆ داننان بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا، نەک تەنها پشتیوانییە لەو جینۆسایدەی دەوڵەتی ئیسرائیل ئەنجامی دەدات، بەڵکو رەتکردنەوەی هەر هەنگاوێکە بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی پشێوی و ناسەقامگیری ناوچەکەیە.

وێناکردنی داننان بە دەوڵەتی فەلەستیندا، بەوەی پاداشتە بە حەماس، لە بنەرەتدا پاداشتی دەوڵەتی ئەمریکایە بە ئیسلامی سیاسی و حەماس. یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی پێگرتنی ئیسلامی سیاسی بە حەماس و رەوتەکانی تری ئیسلامی سیاسی، داگیرکاری ئیسرائیل و چارەسەرنەکرانی کێشەی خەڵکی فەلەستینە.

دان پیدا نەنان و رەتکردنەوەی پشتیوانی بە دەوڵەتی فەلەستین و بە فەرمی نەناسینی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە، شتێکی تازە نییەو پەیوەندی بە حەماسەوە نییە. دەوڵەتی ئەمریکا بەر لە بوونی حەماس و باڵادەستی هەژموونی هێز گەلی ئیسلامی بەسەر کیشەی فەلەستیندا، یان خۆ هەڵواسینی ئیسلامی سیاسی بە کێشەی فەلەستینەوە، نەک تەنها دژی پێکهێنانی دەوڵەتی فەلەستین بووە، بەڵکو رێگری لەوە کردووە کە دەیان و سەدان بریار و بریارنامەی رێکخراوەی نەتەوە یەککگرتوەکان، بچنە بواری جێ بەجێکردنەوە. ڤیتۆی ئەمریکا لە رێکخراوەی نەتەوە یەککگرتوەکاندا، یەکێک لە هۆکارەکانی دریژەکێشانی ئەم دۆخەیەو ڕیگر بووە لە چارەسەری کێشەی خەڵکی فەلەستیندا.

بچووککردنەوەی کێشەی خەڵکی فەلەستین و هێنانە خوارەوە و گریدانی بە حەماس یان رەوت گەلی تری ئیسلامی، جگە لە خۆڵکردنە چاوی رای گشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچی تر نییە، لە کاتێکدا چ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و چ رای گشتی شەقام و دنیا و ئۆردوی ئینسانیەتی ئازادیخوازی جیهان، دەزانن کێشەی خەڵکی فەلەستین زۆر کۆنتر لە بوونی ئیسلامی سیاسی و حەماسە و لە بنەرەتەوە حەماس و سەرجەم هیزو لایەنە سیاسیەکانی تر فەلەستینی دەرهاوێشتەی چارەسەر نەبوونی کیشەی فەلەستین و بێ بەشکردنی خەڵکەکەیەتی لە دەوڵەتی ئازادی خۆیدا.

کێشەی فەلەستین لە ئێستای دنیادا، تەنها کێشەیەک نییە، لە نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستنیەکاندا، بەڵکو لە کیشەیەکی گرنگ و چارەسەنەبووی تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بۆتە کیشەیەک کە رەنگ وبۆی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە گرتووە و بۆتە دۆسیەیەک لە ململانێی بلۆک بەندیەکانی دنیا و جەمسەرە ناوچەییەکان.


زۆر بوونی ژمارەی دەوڵەتەکان، بە داننان بەدەوڵەتی فەلەستیندا لە کۆبونەوەی ریکخراوەی نەتەوە یەککگرتوەکاندا، تەنها هەڵوێستەیەک نییە، بۆ نزیک بوونەوە لە چارەسەری کێشەیەکی سیاسی و گەورە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەڵکو رووبەرووبوونەوەیەکی ئاشکرای بەرژەوەندییە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە.

کاردانەوەی توندی دەوڵەتی ئەمریکا و بەتایبەتیش ئیسرائیل بە داننان نان بە دەوڵەتی فەلەستین و پێداگری ئیسرائیل بە کۆنترۆڵی تەواوی دەسەڵاتی خۆی بەسەر کەناراوەکانی ڕۆژئاوا، و لکاندنی بە ئیسرائیلەوە، هەنگاوێکی راگەیەنراوی پێشووی ئیسرائیلە، کە نەک تەنها کاردانەوەیەکە بەرامبەر بە وڵاتانی ئەوروپا و هەوڵێکە بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ هەرهەنگاوێکی نێودەوڵەتیدا بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین، بەڵکو راکیشانی زوربەی ناوچەکەیە بۆ بۆ ناو کیبەرکێیەیەکی گەورەتر لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، کە بەناوی "رۆژهەڵاتی ناوەراستی نوێ" بانگەشەی بۆ دەکرێت. ئەم سیاسەت و خەونەی دەوڵەتی ئیسرائیل، بە پشتیوانی ئەمریکا بە دوور نازانرێت، ئاستی جەنگی ئێستا، فراوانتر بکات و لایەن و دەوڵەتی تری ناوچەکە لە دوور مەودادا بخاتە ناو چوارچێوەی جەنگێکی بەرینتر و فراوانتر، لەوەی ئێستا هەیە.

لە هەموو حاڵەتێکدا، رەوەندی داننانی وڵاتان بە دەوڵەتی فەلەستیندا، ئەگەر رەمزیش بێت، بەجیا لە ململانێی ناوخۆیی ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بلۆکبەندی و جەمسەربەندییە تازەکان و بەرژەوەندییە جیاوازەکانیان، لە بنەرەتدا ئاکامی گوشاری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە. بزوتنەوەیەک لەگەڵ بەردەوام بوون و بەهێزبوونیدا دەتوانێت رۆڵی بەرجەستەی بە ئاراستەی چارەسەری کیشەی فەلەستیندا هەبێت و دەستی دەوڵەتی ئیسرائیل لەو ملهوری نواندنە ببەستێت و ئەمریکاش ناچار بکات، مل بەو ئەمری واقعە بدات، کە بەرهەمی بزوتنەوەی فراوانی جەماوەری دنیای ئازادیخواز و ئاشتیخوازە.

عەبدوڵا مەحمود

# دەسەڵاتی میلیشیایی لە کوردستان یەکسانە بە مەرگی یاسا و دیموکراسی!



## نووسینی: توانا محەمەد نوری

هەرێمی کوردستانی عێراق زۆرجار لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکی و ئەورووپییەوە وەک چرایەکی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەسف دەکرێت. ئەم گێڕانەوەیە درۆیەکی مەترسیدارە. ڕاستییەکەی بریتییە لە ناوچەیەک کە لەلایەن میلیشیا و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانەوە کۆنترۆڵکراوە، کە تێیدا هێزی چەکداری، نەک یاسا، نەک سندووقی دەنگدان، دەسەڵات دیاری دەکات. دیموکراسی پووچەڵە، گەندەڵی سیستماتیکە و داهاتووی کۆمەڵگەیەک بە تەواوی لەلایەن دەستەیەکی بچووکەوە بە بارمتە گیراوە. لە هەرێمی کوردستان سەروەری یاسا بوونی نییە، لەباتی ئەو سەروەری چەک هەیە.

ئەم دەسەڵاتە بە قوربانیدانی خەڵکی کوردستان بەدەست نەهاتووە. لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن ئەمریکاوە دروست کرا، کاتێک واشنتۆن دوای جەنگی کەنداو ناوچەی دژە فڕینی سەپاند. ئەم کردارەی دەستێوەردانی بیانی باکووری کوردستانی لە سوپای سەدام حسێن پاراست و ڕێگەی بە پارتە ناوخۆییەکان دا حوکمڕانی بکەن. بەڵام لەجیاتی بنیاتنانی دامەزراوە دیموکراسییەکان، پارتی و یەکێتی دەرفەتەکەیان قۆستەوە بۆ جێگیرکردنی میلیشیاکانیان، دابەشکردنی کوردستان بە دوو زۆن و گۆڕینی ناوچەکە بۆ دەسەڵاتی بنەماڵەیی ڕکابەر. گەرەنتی پاراستنی ئەمریکا ئازادی بەوان دا بۆ ئەوەی بێ کۆنترۆڵ حوکمڕانی بکەن.

ئەمڕۆ، هێزەکانی پێشمەرگە سوپایەکی نیشتمانی یەکگرتوو نین، بەڵکو میلیشیای حزبین. ئەوان وەڵامی گەل نادەنەوە بەڵکو وەڵامی بنەماڵەی بارزانی لە هەولێر و دهۆک و بنەماڵەی تاڵەبانی لە سلێمانی دەدەنەوە. دادگاکان ناتوانن لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن. خۆپیشاندانەکان بە گوللەی ڕاستەوخۆ وەڵام دەدرێنەوە. ڕۆژنامەنووسان زیندانی دەکرێن، ئەشکەنجە دەدرێن، و هەندێکجاریش دەکوژرێن. هەڵبژاردنەکان ساختەکاری تێدا دەکرێت، بە هەڕەشە و ساختەکاری و دەستکاریکردنی دەنگدان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەنجامەکە هەرگیز هەڕەشە لە دەستەی باڵادەست نەکات. ئەوەی هەیە دیموکراسی نییە، بەڵکو ئۆلیگارشییەکی چەکدارە، کە بە زمانی دیموکراسی بۆ بینەرانی ڕۆژئاوا نمایش دەکرێت. پارتی و یەکێتی دوو باڵی دەسەڵاتداری خێزانی کوردایەتی، هەر یەکەیانی هاوپەیمانێتی جیاواز و پشتیوانی دەرەکی جیاوازیان هەیە. پارتی، بە سەرۆکایەتی بنەماڵەی بارزانی، بە درێژایی حوکمی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ تورکیا پەرەپێداوە. ئەم پەیوەندییە زۆرجار بە هاوکاری ئابووری، بە تایبەتی لە هەناردەکردنی نەوتدا، و نیگەرانی هاوبەش لەسەر پەکەکە تایبەتمەندە. بە پێچەوانەشەوە، یەکێتیش بە سەرۆکایەتی بنەماڵەی تاڵەبانی، پەیوەندی بەهێزتری لەگەڵ ئێران پاراستووە.

ئەمریکا بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی لە ئەستۆدایە. ناوچەیەکی دروست کرد، تا ئێستاش بەردەوامە لە شەرعیەتدان بە میلیشیاکان. واشنتۆن ستایشی سەرکردە کوردەکان دەکات وەک هاوپەیمان، بەتایبەتی بۆ ڕۆڵیان لە شەڕی دژی داعش، لەکاتێکدا بە ئەنقەست چاوپۆشی لە پێشێلکردنی مافی خەڵک و پراکتیکە ئۆتۆریتارییەکانیان دەکات. سیاسەتی ئەمریکا دیموکراسی گەشە پێنەداوە، بەڵکو حوکمی میلیشیا و گەندەڵی جێگیر کردووە. بەڵام کۆمەڵگەی کوردستان، لەناو ئەم سیستەمە خنکێنەرەدا، ڕەتی دەکاتەوە بێدەنگ بێت. مامۆستایان، کە بۆ چەند مانگێک مووچەیان وەرنەگرتووە، هاتوونەتە سەر شەقامەکان و داوای مافەکانیان دەکەن. بزووتنەوەکانی گەنجان لە سلێمانی و شارەکانی دیکە دژی گەندەڵی کۆبوونەتەوە و داوای کۆتاییهێنان بە حوکمی یەک بنەماڵە دەکەن، تەنانەت کاتێک هێزە ئەمنییەکان لێیان دەدەن و دەستگیریان دەکەن. ڕۆژنامەنووسان وەک شێروان شێروانی، کە بەهۆی ئاشکراکردنی گەندەڵی زیندانی و ئەشکەنجە درا، بوونەتە هێمای بەرخۆدان. سەرەڕای هەڕەشە و ترساندن، ڕۆژنامەنووسە سەربەخۆکان هێشتا ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە بۆ ئاشکراکردنی ڕاستی دزینی حزبی و سەرکوتکردن. هاوڵاتیانی ئاسایی، کە ڕووبەڕووی هەژاری و بێکاری بوونەتەوە لەکاتێکدا دەستەبژێر دەوڵەمەند دەبن، بەردەوامن لەناڕەزایەتی دەربڕین تەنانەت کاتێک ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. خۆپیشاندانەکان و چالاکییەکانی تری خەڵکی کوردستان ئاماژەن بۆ بەردەوامبوونی ویستێکی بەهێز بۆ دیموکراسی ڕاستەقینە و سەروەری یاسا. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم ئارەزووە ببێتە واقیع، پێویستە میلیشیاکان هەڵبوەشێنرێنەوە و دەسەڵاتی سیاسی لە هێزی چەکداری جیا بکرێتەوە. دەسەڵاتە ڕۆژئاواییەکان دەبێت کۆتایی بهێنن بە پشتیوانیکردنی ئەو بنەماڵانەی کەپاراستنی ئەمریکا بەکاردەهێنن بۆ سەرکوتکردنی کۆمەڵگاکانی خۆیان. کوردستان ئەمڕۆ ئەو مۆدێلە دیموکراسییە نییە کە سەرکردەکانی بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو ناوچەیەکی پاڵپشتیکراوی هێزی ناوچەیی و ئەمریکایە کە لەلایەن میلیشیا، گەندەڵی و سەرکوت و ترسەوە حوکم دەکرێت. بەڵام ئازایەتی خۆپیشاندەران، گەنجان، و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەریخستووە کە داهاتوویەکی دیکە گونجاوە: داهاتوویەک کە تێیدا دەسەڵات نەک لە چەکەوە، بەڵکو لە ئیرادەی گەلەوە سەرچاوە بگرێت.

٢٨/٩/٢٠٢٥

# لەژێر "مشکی و جامانەدا "!

## نووسینی: دیار بەرزنجی

لەپێشدا ئەوەبڵێم کە بۆئەم کورتە وتارەم، ئیلهامم لەهاورێی ئازیزم،هاوڕێ



(مەحمودی حەلاق وەرگرتووە)، چونکە ئەو زۆر بەوردیی حاڵیکردم بازارڕسازیی چییەو خەت و نیشانەکانی لەکوێن و کێن؟ و بازاڕ سازەکان و پاسەوان و شۆفێرو چایچی و ئیدارەو بەڕێوەبەرەکانی بازارڕسازیی کێن؟ ئەڵبەتە لەگەڵ ڕێزم بۆئەو پیشانەی ناوم بردوون! ڕۆشنبیران و شیکەرەوە سیاسیەکانی ئەحزابی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی و ڕیفۆرمیست بەخەڵک ئەڵێن گوایە کەسێک ڕابەرو سەرۆک بێت، پێویستە قات و ڕیبات بپۆشێت و کەسێکی شیک پۆش و مۆدێرن بێت لەپۆشین و هەڵسوکەوت و قسەکردن و هاتن وچونیدا، و بڕوانامەی دکتۆراو فلان وفیسار زانکۆی خوێندبێت! ئەمەش چەواشەکاریەکی بێتام زیاتر هیچی دیکە نییە، ئەوکەسانەی ئەم بانگەشانە ئەکەن، یان نازانن، یان لەدەوری پڕۆژەیەکی چەواشەکاریی دەسوڕێنەوە! سەرۆک وسەرکردە لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، کاری پاسەوانی کردنە لەبازارڕسازیی و هێڵە ئابورییەکان، کەبەوڵاتی ئەودا تێپەڕدەبن! ئیتر ئەوسەرۆکە ئەگەر شیک پۆش بێت یان نا، جامانەو مشکی ببەستێت یان شەپقە، عەگال لەسەربکات یان سەری ڕووت بێت، قات وڕیبات لەبەربکات یان جلی کوردی و دشداشە؟ ئەمانە هیچیان گرنگ نین بۆ بازاڕ سازەکان، ئەوان تەنها سەرکوتی ناوخۆو بەئەهلیکردنی هەمووبەش وجومگەکانی ژیان و پاسەوانیەکی دڵسۆزیان ئەوێت لەوکەسە، کەسەرۆکی وڵاتێکە، لقێک لەهێڵی ئابووری وبازارڕسازیی ئەمریکاو ڕۆژئاوای پێدا تێپەڕدەبێت، ئیتر مەلایەکی عەمامەبەسەر بێت لەئێران، یان حەمەڕەزاشا بێت، یان مەریەمی ڕەجەوی! ئەم بانگەشانەی ڕیفۆرمیستەکان دەربارەی سیستەم و دەسەڵات لەکوردستان ئەیکەن و ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەکانی وەک تیڤی و سۆشیال میدیایان سیخناخ کردووە پێی، گوایە کێشەیەکە لەکەسایەتی و جلوبەرگ وجامانەکەی بارزانی و کەسایەتی بافڵ تاڵەبانیدایە! چەواشەکاریە، و لێدانە لەتەنەکەی بەتاڵ و تەنها دەنگە دەنگێکی ناخۆشە!

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکان یان ڕێکاری ئەمنی... بەڕێز کەژاڵ عەبدولقادر وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە

پرسی رۆژ: بەرتەسکردنەوەی ئازادیەکان یان گرتنەبەری رێوشوێنی ئەمنی بۆئەوەی ئەمنیەتی خەڵک پارێزراوبێت.

ماوەیەکە لەشارەکانی سلێمانی وهەولێر تەنانەت رێگەنادرێت کۆنگرەی رۆژنامەگەریش بەڕێوەبچێت لەلایەن ریکخراوە جەماوەری وپیشەییەکان وخەڵکی ئازادیخواز بۆدەربڕینی راوبۆچوونی خۆیان، هەروەها دەربڕینی نارەزایەتی. لە رێکەوتی ٢٠ی ئەیلوولی ٢٠٢٥ لەبەرامبەر پەرلەمان رێکخراوەکانی داکۆکیکار لەمامۆستیان رێگەیان پێنەدرا کۆنگرە رۆژنامەریەکەیان بەڕێوەبەرن. هەروەها لە٩ی ئەیلوول ٢٠٢٥ کۆنگرەی ئازادی وگۆڕانکاری



لەسلێمانی بەهەمان شێوە رێگریان لێکرا لەگرتنی کۆنگرەی رۆژنامەگەری. مانگەکانی پێشووش رێگری کراوە لەخۆپیشاندان وگردبوونەوە...تاد.

پرسیاری پرسی رۆژ: تۆڕی داکۆکی لەداکۆکیکاران کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری بەستووە. بۆیە پێمانباشبوو چۆنیەتی دروستبوونی ئەو رێکخراوە وئامانجەکانی وکارەکانی لەداهاتوو بزانین؟

بەڕێز کەژاڵ عەبدولقادر ئەندامی دامەزرێنەری تۆڕی داکۆکی لەداکۆکیکاران وەڵامی پرسەکەی داینەوە.

**کەژاڵ عەبدولقادر:** ئازادی رادەربرین لەم هەرێمەدا؛ رۆژ لەدوای رۆژ لەتەسک بونەوەدایە، ئەمەش زۆر ترسناکە بۆ کەسانی ئازادیخواز بەتایبەتی لەم دەڤەرەی سلێمانی کەتارادەیەک باشتر بوو لەزۆنی زەرد. هەمووکات دەسەڵاتداران بۆمانەوەی خۆیان رێگە لەئازادیخوازان ئەگرن ونایانەوێ چالاکی بکرێت، وناشیرینیەکان نیشانی دەرەوە بدرێت. لەرۆژی ٢١/٩/٢٠٢٥ کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیکرا لەهۆڵی نالی لەئوتێل رەمادا، بەئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەکەسایەتی وچالاکوانان وداکۆکیکاران وراگەیاندنەکان. پاش وەرگرتنی مۆڵەت کەنزیکەی هەفتەیەک ماندوو بوون پێیەوە!

تۆڕی داکۆکی لەداکۆکیکاران کێن؟ ژمارەیەک لە رێکخراوەکانی ژنان وکۆمەڵگەی مەدەنی وکەسایەتی ئازادیخوازو مرۆڤ دۆستن، کەبەئەرکی خۆیانی ئەزانن داکۆکی بکەن لەو مرۆڤانەی،یاخود داکۆکیکارن کە ئیش بۆژنانی زوڵم لێکراوو چەوساوە ئەکەن، هەروەها هەوڵ بۆ ئازادی ویەکسانی ئەدەن وبەتەنگیانەوە ئەچن ورێنماییان ئەکەن داکۆکیکی لەمافی مرۆڤ. ژن. منداڵ. وتوێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە دەکەن هەمیشە توشی ئاست تەنگی و وشەی زبر لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و رەخنەی کۆمەڵگە ئەبنەوە، زۆرجار ئەگاتە هاککردن ولێدانیش. ئەم تۆڕە لە١٢/٨/٢٠٢٤ دامەزراوە لەسەر پێشنیاری رێکخراوی خەڵک بۆ گەشە پێدان، PDOوله ٥/١٢ ٢٠٢٤ راگەیەندرا.

گرنگی ئەم تۆرە لەچییدایە؟ بایەخ بەچاودێری رەوشی داکۆکیکاران، لەگەڵ تۆماری پێشێلکاری ئەم تۆڕە لەهەموو ناوچە جیاجیاکانی هەرێم وعێراق کاردەکات، و ٦ مانگ جارێک راپۆرتی ئەبێت. هەروەها بانگهێشتی هەموو رێکخراوەکانی ژنان وکۆمەڵگەی مەدەنی ئەکات بۆتۆمارکردنی پێشێلکاری وئاستەنگ و فشارو هەڕەشەو مەترسی لەسەر ژیانی داکۆکیکاران. ئەم کۆمەڵە داکۆکیکارانە بەهۆی داکۆکیان لەپرسەکانی مافەکانی ژنان ویەکسانیخوازی رووبەرووی فشاری کۆمەڵایەتی .سیاسی. ئەمنی. یاسایی. ئابوری. وزۆرێکی تریش دەبنەوە. لەرووی کۆمەڵایەتییەوە هەوڵئەدرێت ئەم جۆرە کەسانە لەکۆمەڵگەدا پەراوێز بخرێن و وێنایان ناشیرین بکرێت، ئەمە لەفەزای گشتیدا هەستی پێئەکرێت! لەرووی ئابورییەوە ئاستەنگیان بۆدروستکراوە. ئەو رێکخراوانەی ئیشی جدییان بۆ ژنان کردووە بودجەیان بڕیون زۆرتر پشت بەکۆمەکی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەبەستن. لەهەرێمدا هیچ بودجەیەک بۆ رێکخراوە سەربەخۆکان دابین ناکرێت، زۆربەی کاری خۆبەخش دەکەن. لەرووی سیاسی وئەمنییەوە بەشێک لەرێکخراوەکان فشاری سیاسییان لەسەرە، داوایان لێئەکرێت لەبەرژەوەندی حیزبە باڵادەستەکان ئیش بکەن وهەوڵئەدرێت رۆڵیان لاواز بکرێت لەکۆمەڵگەدا. بەهیچ شێوەیەک دۆخی ئیشکردنیان سەلامەت نییە وروبەڕوی هەڕەشە دەبنەوە. فشاری سیاسی ئەم داکۆکیکارانە بەتۆمەتی دژایەتیکردنی ئایین وبەها کۆمەڵایەتییەکان تۆمەتبار ئەکرێن، وئەڵێن بوونی ئەم رێکخراوانە شیرازەی کۆمەڵگەی تێکداوە! وبەتۆمەتی برەودان بەهاوڕەگەزخوازی وگۆڕینی رەگەز ئەکەن. ئەم بابەت وتۆمەتە هەڵبەستراوانە، هەمووی دوورن لەراستییەوە. هەروەها لە رووی یاساییەوە توشی هاتوچۆی دادگاکان بوون وپشتیان نەگیراوە. فشاری میدیایی وتۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەرێی هەندێک لە میدیاکانەوە وێنەی چالاکوان وداکۆکیکاران ناشیرین ئەکرێت، وە وتارەکانیان ئەشێوێنرێت ئەکرێت بەبابەتێکی ناشیرین و ئەکەونە بەر رەخنەی کۆمەڵگە بەبێ ئەوەی راستی بابەتەکە بزانن! ئیتر پەیجی فەیک و کەسانی نەزان ودواکەوتوو وناهۆشیار، ئەکەونە هەڕەشە لە چالاکوانان وداکۆکیکاران. بەراستی ئەم بابەتانە دەسەڵاتی لەپشتە لەساڵی پاردا چەندەها پێشێلکاری تۆمار کراوە، وچەند شوێنی میدیایی وەکو ژن تی ڤی داخرا وە، رێکخراوی ژنانی ئازادی کوردوستان ورێکخراوی نوێ گەرو مەرزییە داخران! بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک وهیچ هۆیەک یاخود بریاری دادوەریان پێبێت. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥ راپرسییەککرا، ٤٦ چالاکوان لەناوچە جیاجیاکانی هەرێم بەشدار بوون، زۆربەیان رووبەرووی فشارو و وشەی زبرو هەرەشە بونەتەوە .

کارکردن و ئامانجی ئەم تۆرە؛ بۆ چاودێریکردن وتۆمارکردنی پێشێلکارییە، و کارکردن وبۆپاراستن وباشکردنی رەوشیانە. ئەبێت ژینگەی کارکردنیان ئارام بێت وهەوڵدان بۆپاڵپشتییان بەدەقێکی یاسایی وچەسپاو، چونکە ئەمان بەرگری لەمافەکانی مرۆڤ دەکەن وهەموو هەوڵیان تەنهاخزمەتکرن وپێشخستنی کۆمەڵگەیە.

***********



# مانگرتن، نەک بایکۆت!

نووسینی: بنار مستەفا

لەگەڵ دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن، بە هۆی دواکەوتن و نەدانی مووچەکانیان، پرسی بایکۆتی مامۆستایانی ناڕازی هاتۆتە ئاراوە و ڕاگەیاندنیش دراوە. واتە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی، مامۆستایان ناچنە قوتابخانە و وانە ناڵێنەوە. ساڵانی ڕابردووش دەست بۆ هەمانشێوەی ناڕەزایەتی دەربڕین براوە و هەر بە "بایکۆت" ناوبراوە.

لە کۆمەڵگەی کوردستان لە زۆر بۆنەی جیاوازدا پرسی بایکۆت بەشێوەیەکی بەرچاو لە مەیدان بووە و دەستی بۆ براوە، بۆ نمونە و بەتایبەتی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان. ئەم شێوە ناڕەزایەتییە وەک خاڵێکی گرنگ تەماشاکراوە و بایکۆت بە دروست وەک کاردانەوەیەکی پڕبەمانا و بە هەڵوێست چاولێکراوە. هەر بۆیە دەستەواژەی "بایکۆت" جێگەیەکی گرنگی لە مەیدانی سیاسی کۆمەڵگەدا پەیدا کردووە، کە بەجیا لە مامۆستایان، فەرمانبەران و مووچەخۆرانی تریش لە ناڕەزایەتییەکانیاندا بەکاری دەهێنن.

جیاواز لەوەی لە کوردستان بایکۆت چ مانایەکی پەیداکردووە، بەکردەوە دەستەواژەکە بە مانای خۆلادان و خۆپاراستنە لە بەرانبەر کردەیەک، واتە نەکردنی. بۆنمونە بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن، نەچوون بۆ جێگەیەکی دیاریکراو، نەکڕینی کالایەک، گوێنەدان و پشتگوێخستنی کۆمپانیایەک هتد، دەکرێت بە بایکۆت ناوبهێندرێن، کە تێیدا کەسەکە ئازادە لە کردن یان نەکردنی کارەکە، بەڵام ئاگاهانە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین و گەیاندنی زیان بە خواستی کەسی و لایەن و کۆمپانیای بەرانبەر، خۆی لێ دەپارێزێت. واتە بایکۆتی دەکات.

بەڵام ئەمە بۆ نەچوونە سەرکار دروست نییە. بەدرێژایی مێژوو، نەچوون بۆ سەر کار بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین یان بەرزکردنەوەی خواست، دەستەواژەی "مانگرتن"ی بۆ بەکارهاتووە. بەپێی ڕێکەوتنی نێوان کرێکار و خاوەنکار، کرێکار پێویستە لەکاتی دیاریکراودا لە شوێنی دیارکراو بێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی. کاتێک کرێکارەکە ئاگاهانە وەها ناکات و ناچێتە سەر کارەکەی، ئەوا کرێکارەکە مان دەگرێت. بۆ هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە بە هەمانشێوەیە و نەچوونە سەر کار بە مەبەستی ناڕەزایەتی، ماناکەی مانگرتنە، نەک بایکۆت.


واتە ئەوەی مامۆستایان لە کوردستان ساڵانێکە دەستیان بۆ بردووە و ئێستاش لە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندندا قسەی لەسەرە، مانگرتنە. دەستەواژەی "مانگرتن" بۆ نەچوونە سەرکاری مامۆستایان دروستە، نەک "بایکۆت".

دیارە مەبەست تەنها لە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی دروست نییە، بەڵکو مانای سیاسیشی هەیە. مانگرتن خەسڵەتی شۆڕشگێڕانەی هەیە و مێژوویەکی درێژە لەگەڵ خەباتی هەموو ئەوانەی هێزی کاری خۆیان دەخەنە ئیختیاری خاوەنکارەوە لەپێناو دابینکردنی ژیانی ڕۆژانەیان. مانگرتن جووتە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە و خەباتی کرێکاران، خاوەن مانایەکی ڕۆشن و چەکێکی گرنگ و کارای دەستی چینی کرێکارە.

بایکۆت سەرمایەداران و کۆمپانیا زەبەلاحەکان و دەوڵەتانیش دەتوانن دەستی بۆ بەرن و لە باشترین حاڵەتدا زیانێک بە لایەنی جێگەی ئامانج دەگەیەنێت، بێ دەستکەوتێکی ئەوتۆ بۆ ئەنجامدەرەکەی. بۆنمونە لە بایکۆت لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان، پووچی و ڕیسوایی ئەو پرۆسەیە نیشان دەدات و بێ بەهای دەکات، بەڵام بۆ ئەنجامدەرانی بایکۆت دەستکەوتێکی ئەوتۆی نییە. لەکاتێکدا مانگرتنی کرێکاران ئەنجامەکەی دەکرێت دەستکەوتی فراوان و ڕاستەوخۆی بۆ ئەنجامدەرانی هەبێت. هەر لەبەرئەوەی مانگرتن گرێدراوە بە خەباتی کرێکاران، بە درێژایی مێژوو دنیایەک دەستکەوتی گەورە و مەزنی بۆ ئەم چینە بەدیهێناوە. تەنانەت باس دەکرێت، کە وڵاتانی خۆشگوزەرانی ئەسکەندەناڤیا لە ئەنجامی مانگرتنە گشتییەکان بنیاتنراوە.

هیوادارم مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازی، کە بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین ناچنەوە سەر کارەکانیان، باس لە مانگرتن بکەن و بانگەوازی بۆ بکەن. بەجیا لە دروستی مانای وشەکە، مانگرتن زۆر دروستتر، شۆڕشگێڕتر و بەماناترە بۆ خەباتیان لە بری بایکۆت. دیارە مانگرتن یانی ئامادە بوون لە شوێنی کارو ژیان، بەڵام ڕاگرتنی کار. لەکاتێکدا بایکۆت دەشی تەنها بەشداری نەکردن و نائامادەیی بێ یان کۆبونەوەی بەشیکی کەم لە نارازیان بێت لە شوێنێکی گشتیدا.. بۆیە مانگرتن ئەلگۆ و فۆرمێکی کاریگەرتر و ڕێکخراوترە... جیا لەوانە مانگرتن لە شوێنی کار و ژیان و یانی ئامادەبوونی بەشی زوربەی کریکاران و فەرمانبەران یان خەڵکی گەرەک بۆ خواستیک لەدەوری یەکتری و کردنی ئەو جێگایە بۆ سەکۆیەک بۆ گوڕینەوەی بیرووراو بریاری بەکۆمەڵ و دیاریکردنی نوێنەران بۆ قسەوباس لەگەڵ خاوەن کار و بەڕیوەبەر و لایەنی پەیوەندیدار.

*************



# ڕادیۆی سیاسی...

نووسینی: کۆژین بەهادین

لە بنەرەتدا ریفراندۆم ئەلگۆ و فۆرمێکە بۆ بەشداری پێکردنی هاوڵاتیان لە بڕیاردان بۆچارەسەری پرس و کیشەیەکی ئاڵۆزکاوی سیاسی، یان ئاڵوگۆر و کردنی پرۆژەیەک، کە هاودەنگی گشتی لەسەر بێت... بەو مانایە دەستبردن بۆ ریفراندۆم، لەپێش هەموو شتێکدا، دەبێ بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان مەبناکەی بێت، نەک شتێکی تر.

گومان لەوەدا نییە، خەڵکی کوردستان نەک تەنها تامەزرۆی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن، بەڵکو دنیایەک قوربانیان لەو پێناوەدا داوە... وە هاوکات خوازیاری ئەوەن بەشێک بن لە بریاری سیاسی و دەنگ و ویست و داخوازییەکانیان، بەهەند وەربگیرێت.

بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان و لە ژێر سایەی دوو دەسەڵاتی میلیشیایی و حزبی و بنەماڵەیی، هەموو پرس و مەسەلەیەکی سیاسی لە دیدی بەرژەوەندی حزبی و بنەماڵەدا، بریای لێدەدریت. ڕیفرٍاندۆم کاتێک لە زۆرێک لە وڵاتان ناوی دەهێنریت تەواوی پێکهاتەی ئەو وڵاتە دڵخۆش دەبن و یاد و دیدی ڕۆژی سەربەخۆی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتەکەیان بیر دەکەوێتەوە کە چەندین نەوە پێش ئەوان هەوڵیان بۆ داوە و چەندین شەهیدیان بەخشیوە لە پێناو دروستکردنی دەوڵەتەکەیان.

بەتەنها لە کوردستان نەبێت لەگەڵ هاتنی ڕۆژی ٢٥/٠٩ هەموو ساڵێک ڕۆژی ماڵوێرانی و بچووکبونەوەی قەوارەی کوردستان و تێکدانی داهاتوو میلەتێک و بەفیرۆدانی هەوڵ و قوربانی چەندین نەوەی پێشووەوە. دێتەوە بیرم کە چۆن مەسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠١٧ بەوپەڕی لوت بەرزی و لە خۆبایبوونەوە هاواری دەکرد (هێندە حساب بۆ ئێوە ناکەم) ئەو کاتەش و ئێستاش نازانم ئەو قسانەی بەرامبەر کێ کر، چونکە لە نێو یاریگای فرانسۆ هەریر بوو لە شاری هەولێر و ئەوەی بەرامبەری بوو هاوڵاتیانی بەشمەینەت و زۆرێک لەو میللەتە فریودرا و هەڵخەڵتێنراوە بوون کە بەناوی سەربەخۆیەوە کۆکرابوونەوە کە جەنابی سەرۆک قسەیان بۆ دەکات.

بەڵام دەبوو لەوە تێبگەشتینایە ئەوە مەبەستی میلەتی خۆی بوو کە حساب بۆ کەس ناکات نەوەکو وڵاتانی هاوپەیمان یان عێراق و وڵاتانی تری دراوسێ، چونکە هەر لە باوکیەوە ئەو ڕێچکەی گرتووە ئەویش پێیان وت ئاشبەتاڵ مەکە هێز و پارە و پێشمەرگەت هەیە خیانەت لە کۆماری مهاباد مەکە، بەڵام زۆر بە بێ شەرمانە بە زمانی فارسی لە ڕۆژنامەی ئەوکاتە دەوڵەتی ئێران وتی (کاری من تمام است (کاری من تەواو بوو).. چونکە نابێ مێژوومان بیرچێتەوە مەلا مستەفا و دەست تێکەڵکردنی لەگەڵ روسیا و شای ئێران هۆکاری سەرەکی شکستی یەکەم کۆماری کوردی بوو...

پێشینان جوانیان وتووە!! (گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوویت) , مەسعود بارزانیش هەموو وڵاتانی دونیا پێیان وت دانیشە شتێک ئەشکێنیت, وتی سەرێکە و هێناومە ئەبێت یان سوار سەری خۆم ببم یان تێکی بدەم.

بەڵام قسەکەی خۆی بردە سەر و سەرکەوتوو بوو لەوەی هەم سوار سەری خۆی بوو هەم تێکیشی دا, ئەوەی لەهەمووی ڕووقایمتر و بێشەرمانە ترە ئەوەیە لە دوای ئەو هەموو کارەساتەی دروستی کردووە ئەمڕۆ لە دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ دەڵێت (ئەوەی ئەمڕۆ دەچێندرێت سبەی دەدورێتەوە).!!!


دیارە بیر چووە چی چاندووە، دڵنیام ڕاوێژکارەکان ئەمجارەش دەستیان لێ بەرداویت و چوویتەتەوە سەر گڵەکە, بەڵام هەموو ئەوانەی تۆ چاندوتن ئەمانەن جەناب هەر لە قەیرانی دارای و لە دەستدانی خاکی کوردستان و خیانەی ٣١ ئاب ١٩٩٦ و ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ , ئەو تولە ڕێگەی کە لە پاریس بە کۆڵێک پارە کڕیوتە, یان ئەو ڕادیۆیەی کە پێیان کردیت لە ڕیفراندۆمدا وت دەرگا دامەخەن خۆشت بوویت بە ڕادیۆکردن حکومەتی عێراقی بەردەوام ڕادیۆی سیاسیت پێدەکات، چونکە لەگەڵ هەموو لیدوانێکتدا کێشە بۆ موچەخۆرانی کوردستان دروست دەکەیت, ئەوە هەر باسی ئەوە ناکەم هەموو دەڵێن ڕیفراندۆم چەکی بەهێزە و تاپۆی ڕەشە. بڕوابکە هیچ شتێکی باش نەکردووە هەتاوەکو بیدوریتەوە، چونکە خۆت هەڵگری دروشمێکیت لە ساڵی ١٩٩٦ کە دەڵێیت (ئەگەر پێمان بڵێن پردێک دروست بکە ناتوانین بیکەین، بەڵام پێمان بڵێن بیڕووخێنە دەزانین) لەبەر ئەوە تۆ تێکدان و ماڵ کاولکردن هەر لە مەعدەنتا هەبووە. بەجۆرێک ناچار کردوویت لەلای میلەتانی تر بڵێن ئەمە سەرکردەی کورد نییە تاوەکو تۆزێک ئابڕو بکڕینەوە.

*************

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# چیرۆکی پشت گۆرانی کیژە نان فرۆشەکە

## نووسینی: نەجم محەمەد

گۆرانی کیژە نان فرۆشەکە گۆرانیەکی سیاسی خۆمە کەلەساڵی ١٩٩٤ دا ئاوازم بۆدانا و لەهەندێک لەمەراسیمەکانی هەشتی مارسی ساڵانی نەوەدەکاندا ئەم گۆرانیەم دەوت. دواتر لەساڵی ١٩٩٩دا ئەم گۆرانیەم تۆمار کرد کەلەئاوازی خۆمەو لەهۆنراوەی ف.پشکۆیە وکاری مۆزیکاو تۆمارکردنی لەلایەن هونەرمەند هێمن حسینەوە بۆکراوە.

چیرۆکی ئەم گۆرانیە چیرۆکێکی واقیعی و راستەقینەیە، چیرۆکی ئەم گۆرانی یە دەگەڕێتەوە بۆساڵی نەوەدو دوو لە شاری هەڵەبجە کە ئەودەم هەڵەبجە وێران وکاول و کەلاوە بوو، خەڵکە زەحمەتکێشەکەی داروپەردووی ڕووخاوی دوای کیمیاییان کەمێک ڕاست کردبوویەوەو ژیانیان تیا دەگوزەراند، ئەودەمە منیش مامۆستای خۆبەخش بووم لەیەکێ لەقوتابخانەکانی گەڕەکی هاواریەکان .

ڕۆژێکیان لەهەڵەبجە لەیەکێک لەچاخانەکان دانیشتبووم لەگەڵ هاوڕیەکی خۆمدا وسەرقاڵی قسەوباسی سیاسی و هونەری بووین، لەپڕدا هاوڕێکەم قسەوباسەکەی وەستاندا و بەمنی وت مامۆستا سەیرکە ئەودەست فرۆشە دەبینی وتم بەڵێ، وتی باشە ئەوە کوڕە یان کچە وتم کوڕە، وەڵامی دامەوە و گووتی مامۆستا کوڕ نییە، کچە وتم چۆن ئەی ئەوەنییە جلی کوڕانەی لەبەردایە وقژیشی دریژ نییە، وتی بەڵێ وایە لەکوڕ دەچێ، بەڵام کوڕ نییە کچە وتم چۆن تێم گەیەنە وتی مامۆستا ئەو کچە لەگەڕەکی ئێمەدایە من دەیناسم وچیرۆکێکی ناخۆش وناخەهەژێنی هەیە بۆت باس کەم، منیش وتم بەڵێ. وتی ئەم کچە تاقانەیە وکچی بنەماڵەیەکی نەدارو زەحمەتکێشە باوکی ئەم کچە کرێکارە، بەڵام ئێستا نەخۆشە وتوانای کارکردنی نییە وئەوەندە عزەت نەفسیان بەرزە یارمەتی وخێر لەکەس وەرناگرن، هەربۆیە لەبەر بژێوی خێزانەکەیان ناچارن کاری دەست فرۆشی بەم کچە بکەن وکچەکەش خۆی ئامادەیە و پێی باشە لەناچاریدا ئەم کارە بکات. ئەم کچە لەبەر دابونەریتی کۆمەڵایەتی ولەبەر سیستەمی کۆمەڵگای پیاوسالاری ناچاربووە کەقژی خۆی ببڕێت وەک قژی کوڕی لێبکات وجلی کوڕانە بپۆشێت وخۆی وەک کوڕ لێبکات. ئەم کچە قوتابیە بەیانیان بەجلی کچانەی قوتابخانەوە دەوام دەکات ودوانیوەڕوانیش بەجلی کوڕانەوە کاری دەستفرۆشی دەکات تاخۆر ئاوادەبێت بەتاریکی دەگەڕێتەوە ماڵەوە.

کەگوێم لەم چیرۆکە بوو زۆر کاری تێکردم و پێی بێتاقەت بووم بڕێ جنیو و نەفرەتم ئاراستەی نیزامی سەرمایەداری کرد کەچ دۆزەخێکی بۆئینسانەکان دروست کردووەو ناوی لێناوە ژیان

ئەم کچە سندوقێکی تەختەی پێ بوو کەبەپەت ئەم سەرو ئەوسەرەکەی بەستبوویەوەو بەبازنەی کردبوویە ملی. ناوسندووقەکە کۆمەڵێ بسکیت ونوقڵ وچکلێت وپاکەتی جگەرەو چەند کیسە نانێکی تێدابوو، ناوە ناوە هاواری دەکردو ناوی شتەکانی ناو سندوقەکەی دەگوت لەهەموویان زیاتر ناوی نانی دەهێنا و دەیگوت وەرە بۆنان نانی تازە کەئەم دیمەنەم بینی وچیرۆکی ئەم کچە بیست و هاواری وەرە بۆ نان نانی تازە لەبیروخەیاڵمدا ئاوازێکی لادروست کردم و لەبەر خۆمەوە ئاوازەکەم دەگووتەوە، هاوڕێکەم وتی ئەو ئاوازە خۆشە هی کێ یە؟ وتم هی کەس نییە هی خۆمە. راستر بڵێم هی ئەوکچەیە ئەوکچە ئیلهامی دروست بوونی ئەم ئاوازەیە، کەهەرئێستا دروست بوو. شیعرەکە دەمێک بوو لام بوو، لەبەرم کردبوو لەژمارەیەکی گۆڤاری پێشەنگی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران دا وەرم گرتبوو، هەربۆیە بیرۆکەی ئەوەم بۆهات کە ئەم بەرهەمە هونەریە بۆ ئەم کچە دەستفرۆشە دروست بکەم و لە مەراسیمەکان دا بیخوێنم

ئەوەبوو لەچەند مەراسیمێکی کرێکاری وچینایەتی دا خوێندم جێگەی ڕەزامەندی خەڵکی بوو...

ئەمە بوو چیرۆکی پشت گۆرانی کیژە نان فرۆشەکە یە چیرۆکی ئەوکیژەی کەقوربانی دەستی سیستەمی گەندەڵی سەرمایەداری بوو، چیرۆکی ئەوکیژەی کە لەبەر سیستەمی پیاوسالاری دەبوو خۆی بکاتە کوڕ تاوەکو بژێوی خۆی خێزانەکەی دابین بکات...



# کرێکار

کرێکاری و
نیوەڕۆیە
سەری کاست لەگەڵ ئەم خەمە
قورسەدا بەکێش دەکەیت
کرێکاری
هەنگاوەکانت کوێرانە
شەقامە جەناڵەکانی
ئەم شارە پڕ لەکێشەی پێ تەی
ئەکەی
کرێکاریت
جارێ ئازار
جارێ زەردەخەنەی زیندو
جارێ ویژدان
جارێکیش خواو سۆزو عەشق
بەمیوانی سەرت ئەکەیت
تۆڕێ ئەکەیت
سەری کاست
لە نێو هەردو لەپی دەستا
توند هەڵ ئەگری
کوجە کوچە دەرگا دەرگا
یەخەی ئەستێرەکان ئەگری
.ئەبێ شەپۆل بۆچی لەڕۆخ
بێزاربێ..؟
ئەی جام پڕ بو بۆلێی ئەڕژێ..؟
ئەی خوێن ڕەنگەکەی بۆ
سورە ...؟
ئەی ویژدانی ئەم سەرە جەناڵەی
تۆ کەی بێدارە...؟
چۆن دەهروژێ
تۆڕێ دەکەیت...
سەر بەدەرگای مەیخانەکانیشدا
ئەکەی
مزگەوتەکان میوانی هەمیشەیی
ڕۆژانت
جار جار لە باس و خواسیشا
باسی کلێساکان دەکەیت
وەکو منداڵ لەسەر تەختەی
قوتابخانە
پرسیاری سەیر لەمامۆستاو
وەکوجاران یەخەی باوکت
بۆ هەندێ کێشەی قورس دەگری
ئەم مرۆڤە مرۆڤایەتی خۆش
ئەوێ
تۆسەیرکە لەسەدەکانی
ڕێنیسانسی ئەوروپاوە
هەتا ئێستا
خوێن لە جەستەی دێتە خوارێ
هەڵ ئەزنێ...هەڵ ئەتوتێ
لە هەموو هەستانێکا
کۆڵێ ئازار بەکۆڵیەوە
شەقامە جەنجاڵەکانو
جەنگەڵەکانی ئەوروپاو
حەیفاو یافاو... ماڵە چینکۆ
داخەکانی ... ناو تارانو
سەردابەکانی شیکاغۆ و
ماڵە قوڕینەکانی ئەم زەمینە
پڕلەکێشەی پێ ئەگەڕێ
ئەی خەڵکینە کەی بێدارن
ئەم مرۆڤە وا لە سەمای
سوتانی سەری خۆیدا
ئەی نا بینن چۆن دەسوتێ
ئەم مرۆڤە بەڕێوەیە سادە نییە
ئەم مرۆڤە وەکو عیسا بە
منداڵی زمانی گۆی نەپژاوە
وەکو زۆرینەی پێغەمبەران
نە شوان بوە نە دارتاش
نەکەشتیەوانی سەدەی تۆڤانی
زەبەلاح
ئەم مرۆڤە سواری ئەسپی
ویژدان بوە
ئەم مرۆڤە
سەری کاسی لەژێر باڵی
چەپیدایە
ئەم مرۆڤە بەدوای نهێنی
زەویدا
دەرگا دەرگا...کوچە کوچە
ئەم زەمینە
بەدوای یەزداندا ئەگەڕێ
ئەم مرۆڤە خواوەندی
سۆزوعەشقە
ئەم مرۆڤە لەسەر لوتکە
سەرکەشەکان
وەکو هەڵۆ جێگیر ئەبێ
لەگەڵ ویژداندا ڕێ ئەگری

**هۆنراوەی: سەلام سەعید**




# دەرفەتێک تۆ' ئەی پایز!

رێبوار حەمە شەریف



حەزم ئە کردگوڵێک'
سپی هەر وەکو سەرو
ڕوخساری خۆم؛
کە پایز' وا وادەی دێ
بیروێنێ،
درەختێک' لە
تەنشتمەوە ،
گوڵی لالە
ئێوارانێ...دوواى
ڕەشەبا ،
چڵ و پەنجە، لە
گەردنم بئاڵێنێ.


ڕووە و دەریا تاریکبێ'
چاو،
ڕێ و پێوانێک
بەدرێژی ڕۆخی کەنار
هەر لەوێ... خەونێک،
هەناسە سینەی
دولبەرێ بێنێتە ناو
سینەمەوە،
برۆ کەوان برژاڵ
ئاسک
دوو" چاو کەژاڵ،
بە لایلایە بم نوێنێ.

هەر لەوێ...
گەردوون با لە
باوەشگرم،

ئەستێرە و تارە شەو
چریکە دەنگ،
وردیلەی شەپۆل دورو
ماندوی کاروانە ڕێ...
تاو ناتاوێ دڵی
ماندوم،
سینە، لە هێلانەی دڵ
لە سینەی... ناو جۆڵانە
ژماردن -ی دووا
ترپەی ێ...
بەقامکی بلوێر ئاسا
وەک چۆن؛
لە' دووا ساتی مردن،
پەرستارێك کەدێ و
دەبینێ..
دوو چاو" و کفنێك،
هەر سپی و
دواڕوانینێ...
لە گەردنی دواساتێکا
با لەڕەنگی ڕوخساری
ئەو
لە گەردنم بئاڵێنێ...

*********

# خراپترین کابینە، کابینەکەی مەسرور بارزانی و قوباد تاڵەبانییە! موچەی پێنادرێت و هەرەشەدەکات!



نووسینی: ڕێبوار یاسین

مەسروور بارزانی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەرفەتی زۆری هەبوو، وەک "پیاوی دەوڵەت"!! هەرێمەکە بەرە و ئاشتی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری و دیموکراتی وحوکمی یاسا ببات، بەڵام بە داخەوە، نەیتوانی!

لە دوو هەفتەی یەکەمی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، مەسروور بارزانی لە هیچ شوێنێک نەدەبینرا، لەکاتێکدا سەرۆکوەزیرانی وڵاتان، شەو و ڕۆژ لەگەڵ شارەزایان و خەڵکی خۆیاندا لە پەیوەندیدا بون.

لە سەردەمی حکومەتی مەسروور دا لێبڕینی مووچە، کرا بە بڕینی تەواوی مووچە، ئەوەش کاریگەری خراپی لەسەر ئابووری گشتی و بژێوی ژیانی ڕۆژانەی فەرمانبەران و مامۆستایان و موچەخۆرانی تر دانا!

لەسەردەمی مەسروور دا پەرلەمانی کوردستان ماوەی یاسایی خۆی تێپەڕاند و هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام نەدرا!

لە سەردەمی مەسروورردا ئەو حکومەتەی خۆی سەرۆکایەتی دەکات بوو بە حکومەتی ماوەبەسەرچوو!

لەسەردەمی مەسروورردا شیعەکانی بەغدا دەرفەتیان بۆ ڕەخسا بە بڕیاری دادگا، پەرلەمانی هەرێم سڕ بکەن!

لە سەردەمی مەسروورردا بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، ئێرانییەکان هەولێریان هاژەکباران کرد!

لە سەردەمی مەسروورردا، بۆ یەکەمجار گرژی کەوتە نێوان کونسوڵخانەکانی ئەمریکا و وڵاتانی تر لە هەولێر، کە بە بێ پشتگیریی ئەوان، ڕەنگە بەرگەی شەش مانگی دووژمنەکانمان نەگرین!

لە سەردەمی مەسروورردا ئازادی ڕادەربڕین، گەیشتووەتە خراپترین ئاست، ساڵانێکی زۆرە هیچ کەس و گرووپ و حیزبێکی سیاسیی نەیانتوانیوە ئازادانە گردبوونەوەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان لەهەولێر بکەن!

لە سەردەمی مەسروورردا چالاکوانان بە ئاشکرا و بێ بەڵگە و ڕێوشوێنی یاسایی، بە هۆی بیروباوەڕەوە زیندانی دەکرێن، دوای تەواوکردنی ماوەی زیندانی، جارێک و دووان و سیان... بۆ جاری سێیەم شێروانی شێروانی. بەزیندانیکردن حوکم درا

سزادانی شێروان شێروانی بۆ جاری سێیەم

شێروانی لە تشرینی یەکەمی 2020دا لەگەڵ چوار ڕۆژنامەنوس و چالاکوانی تری بادینان دەستگیرکران و لە 16ی شوباتی 2021. دا بە دەنگی زۆرینەی دادوەرانی دادگای تاوانەکانی هەولێر، بە "سیخوڕیکردن بۆ وڵاتان و هەوڵدان بۆ کودەتا"، تاوانبارکران و هەر یەکێکیان بە شەش ساڵ زیندانی حوکمدران.

ئەو بەرلەوەی حوکمەکەی تەواوبێت و ئازاد بکرێت، لە 20 ی تەموزی 2023 دا دۆسییەکی تری بۆ کرایەوە و دادگا بڕیاریدا بە چوار ساڵی تر زیندانیکردن، لەسەر بە تۆمەتی "ساختەکاری".

بڕیاربوو ئەیلولی ئەمساڵ شێروان شێروانی ئازادبکرێت دوای تەواوبونی حوکمەکەی، بەڵام جارێکی تر ئەم کەیسەی لەسەری کرایەوە.

بە بیانووی تۆمەتی جۆراوجۆر، حوکمی زیندانیان بۆ نوێ دەکرێتەوە!

ئەم سەرۆکوەزیرانە ماوەبەسەرچووە بۆ دوڵەتداری ناشێت!

ناتوانێت وەک حوکمدارێکی دادپەروەر و دڵ نەرم لەگەڵ گەلی خۆی ڕەفتار بکات!

ئەم سەرۆکوەزیرانە ماوەبەسەرچووە، کەمترین توانای ئایندەبینی بۆ گەلی باشوور گەلی کوردی نییە!

مەسروور بۆ ئەوە باشە لە پێگەی حوکمڕانی دووربخرێتەوە و بچێت خەریکی ژیانی خۆی بێت.

**لە ماوەی چەندین ساڵی حوکمڕانی جوت بنەماڵەیی چی ڕوویدا!**

کوردستان ژمارەی ملیاردێر و ملیۆنێری زیاتر بووە بە بەراورد بە شارەکانی تری عێراق ئەمانە خاوەنکار نین کە بازرگانییان لە هیچەوە دروست کردبێت. ئەمانە داهێنەر نین کە پیشەسازی نوێیان دروست کردبێت. ئەمانە خێزانە سیاسییەکانن کە پۆستە گشتییەکانیان گۆڕیوە بۆ سامانێکی تایبەت.

لە کاتێکدا، خێزانە ئاساییەکانی کورد بوونەتە شارەزا لە دروستکردنی بودجەیماڵەوە کە دواهەمین دیناری گیرفانیان چۆن بەکاربهێنن. ئێوە لە بودجە شارەزا بوون: ژماردنی ئەوەی ئایا دەرمان بکڕن یان خواردن، هەڵبژاردن لە نێوان پێداویستییەکانی قوتابخانە یان پسوڵەی خزمەتگوزارییەکان، بڕیاردان لەسەر ئەوەی کام پسوڵە دوابخەن تا مووچەی مانگی داهاتوو – (ئەگەر بێت).


ئەوان لە بڕی شارەزایی بودجە شارەزا بوون لە چۆن گرێبەستەکانی حکومەت بگۆڕن بۆ سامانی خێزان، چۆن خزمەتگوزاریە گشتییەکان بگۆڕن بۆ موڵکی تایبەت، چۆن دەسەڵاتی سیاسی بگۆڕن بۆ خۆشگوزەرانی هەمیشەیی. ئەوان بودجەی گشتیان دروست نەکرد – ئەوان سامانیان لە موچەکانی ئێوە دروست کرد.

هەمان ئەو پارەی نەوتەی کە ئەوانی کردە ملیاردێر، دەیتوانی هەموو خێزانێکی کورد بکاتە چینی مامناوەند. هەمان ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە ئەوان بۆ دەوڵەمەندبوونی تایبەت بەکاریان هێنا، دەیتوانی بۆ گەشەپێدانی گشتی بەکاربهێنرێت. هەمان ئەو پەیوەندییانەی کە ئەوان بۆ قازانجی کەسی بەکاریان هێنا، دەیتوانی بۆ پێشکەوتنی نیشتمانی بەکاربهێنرێت.

بەبوونی نەخشە ڕێگای دروست و شێوازی خەباتکارانە، ئێمە ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە دەکەینەوە: سەرچاوە گشتییەکان بۆ بەرژەوەندی گشتی، دەسەڵاتی سیاسی بۆ خزمەتگوزاری گشتی، وە گەشەپێدانی ئابووری کە زۆرترین خێزانەکانی چینی مامناوەند دروست دەکات لە جیاتی بنەماڵەی ملیاردێر.

# سەندیکا چییە؟

## بەشی دووەم



**سەندیکا ڕێکخراوێکی پیشەسازی کرێکارانی مووچەخۆرە کە بەرپرسیارە لە بەرخۆدان لە بەرامبەر خاوەنکاران و حکومەت، بەهێزکردنی هاریکاری، یەکڕیزی و یەکێتی لەنێوان هەموو کرێکاراندا، بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی چینی کرێکار، بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی کرێکاران، هەوڵدان بۆ باشترکردنی بەردەوامی ژیان و بارودۆخی کار، ڕێساکانی کار و پەیوەندییەکان، و دەتوانێت بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە و سیستەمی چینایەتی و هەر ڕێکخستنێکی کار کە دەبێتە هۆی چەوساندنەوە و سیستەمی چینایەتی یان یارمەتیدەر بێت، خەبات بکات...**

لێرەوە دەتوانین سەندیکا بەم شێوەیە پێناسە بکەین: سەندیکا ڕێکخراوێکی پیشەسازی کرێکارانی مووچەخۆرە کە بەرپرسیارە لە بەرخۆدان لە بەرامبەر خاوەنکاران و حکومەت، بەهێزکردنی هاریکاری، یەکڕیزی و یەکێتی لەنێوان هەموو کرێکاراندا، بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی چینی کرێکار، بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی کرێکاران، هەوڵدان بۆ باشترکردنی بەردەوامی ژیان و بارودۆخی کار، ڕێساکانی کار و پەیوەندییەکان، و دەتوانێت بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە و سیستەمی چینایەتی و هەر ڕێکخستنێکی کار کە دەبێتە هۆی چەوساندنەوە و سیستەمی چینایەتی یان یارمەتیدەر بێت، خەبات بکات. هۆکاری ئەوەی کە ئێمە جەخت لەسەر ڕێکخراوی پیشەسازی کرێکارانی مووچەخۆر دەکەینەوە، نەک ڕێکخراوی کرێکارانی مووچەخۆر (بەبێ گوێدانە پیشەسازی و پیشە)، جگە لەوەی لەسەرەوە باسمان کرد، ئەوەیە کە بۆ ڕێکخستنی کرێکارانی مووچەخۆر تەنها لەسەر بنەمای دژایەتی کرێ و سەرمایە، ئاستێکی بەرزی هۆشیاری چینایەتی پێویستە و سەرەتا ناتوانرێت زۆربەی کرێکاران لە ڕێکخراوێکدا کۆبکرێنەوە تەنها لەبەر ئەوەی کرێکارانی مووچەخۆرن و بەرژەوەندی گشتی هاوبەشیان هەیە (بەبێ گوێدانە پیشەسازی و پیشەی تایبەتیان): چاوەڕوانی و مەیلی لەم شێوەیە چەپڕەوییە، هەروەک چۆن پشت بەستنی یەک لایەنە بە ڕێکخستن بەپێی پیشە و پسپۆڕی یان خراپتر لەوە، سەندیکا، ڕاستڕەوییە و دەبێتە هۆی دابەشبوون و پەرشوبڵاویی کرێکاران. جگە لەوەش، لە هەر پیشەسازییەکدا کێشەی تایبەت هەیە لە ڕووی ڕێکخستنی کار، بارودۆخی کار و هتد، کە لە پیشەسازی و بوارەکانی تر جیاوازن و ناتوانرێت ئەم کێشانە نادیدە بگیرێن، تەنانەت بەشێک لەم کێشە تایبەتانەی هەر پیشەسازییەک لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیشدا بوونیان دەبێت و پێویستە لەوێش ڕەچاو بکرێن.

لە لایەکی ترەوە، بیرۆکەی ڕێکخراوی پیشەسازی کرێکارانی مووچەخۆر لە سنووردارکردنەکانی ڕێکخراوی سەندیکایی یان پیشەیی بەدوورە. بیرۆکەی ڕێکخراوی کرێکارانی مووچەخۆر (بەبێ مەرجی پیشەسازی یان پیشە) لە ڕێکخراوی حزبی یان لە شورا (بەو چەمکەی کە ئێمە لەم نووسینەدا باسمان کردووە) گشتگیر کراوە، چونکە نە پارت و نە شورا (کە ئۆرگانی گرتنە دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریا و ئۆرگانی جێبەجێکردنی دەسەڵاتی سیاسی پرۆلیتاریا پاش گرتنە دەسەڵاتی سیاسییە) ڕێکخراوی پیشەسازی، پیشەیی و سەندیکایی نین، بەڵکو دەربڕ و نوێنەری بەرژەوەندی و داخوازییە گشتییەکانی پرۆلیتاریان وەک چینێک، واتە دەربڕی داخوازی و ئامانجە سیاسییەکانی چین؛ ئەوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی چینی کرێکارن. یەکێک لە "بەڵگەکان"ی ئەوانەی دەڵێن شورا پێویستە "جێگەی" سەندیکا بگرێتەوە ئەوەیە کە بانگەشە دەکەن شورا ئۆرگانی جێبەجێکردنی دیموکراسی ڕاستەوخۆ و لە خوارەوەی جەماوەرە، لە کاتێکدا سەندیکا خاوەنی پێکهاتەیەکی بوروکراتی و فراوانە و بڕیارەکانی لە ژوورە داخراوەکاندا و بەدوور لە جەماوەر دەدرێت. ئەم بەڵگەیە - بێگوێدانە تێکەڵکردنی بابەت و تێکەڵکردن لەسەر بابەتی "جێگرتنەوە" کە لە نەبوونی ناسینی ئەرکە تایبەتەکانی هەر ڕێکخراوێکی کرێکارییەوە سەرچاوە دەگرێت و یەکێکیان ناتوانێت جێگەی ئەوی تر بگرێتەوە - هەڵگری بڕیاری هەڵەیە کە لە خوارەوە باسیان دەکەین. یەکەم ئەوەیە کە دیموکراسی ڕاستەوخۆ تەنها لەبارەی شورا بنەڕەتییەکان و ئەویش بە شێوەیەکی ڕێژەیی ڕاستە و نەک لەبارەی تەواوی سیستەمی شورایەتییەوە. با نموونەیەک بهێنینەوە: کرێکارانی کارگەیەک، کێڵگەیەک، نەخۆشخانەیەک، کرێکارانی گواستنەوەی هێڵێک یان ناوچەیەک، کارمەندانی زانکۆیەک، کانگایەک و هتد، لەبەرچاو بگرین.

سەرەتا دەبێت بوترێت، بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو کەسانەی کە لەسەر کاغەز ئەنجومەن دروست دەکەن، کۆبوونەوەی گشتی هیچ یەکێک لەم یەکانە ئەنجومەن نییە، چونکە کۆبوونەوەی گشتی بە گشتی کاری جێبەجێ کردن ناکات و هەموو تاکەکانی ناتوانن یان نایانەوێت هەموو کارەکان بکەن یان بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ. بۆیە کۆبوونەوەی گشتی یەکەیەکی یان چەند یەکەیەکی تر بۆ پێشبردنی کارەکان دیاری دەکات. ئەم یەکەیە یان یەکانە کە هەڵبژێردراوی ئەندامانی کۆبوونەوەی گشتین، ئەنجومەنی ئەو یەکەیە (کارگە، کێڵگە، قوتابخانە و هتد) پێکدێنن و لە بەرامبەر ئەودا بەرپرسن و کۆبوونەوەی گشتی هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت هەر یەکێک یان هەموویان لابەرێت. بەڵام دەبێت ئەم یەکانە دەسەڵاتی بڕیاردانیان (لە سنوورێکی دیاریکراو و پێناسەکراودا) لە لایەن کۆبوونەوەی گشتییەوە پێبدرێت و ئەوان - ئەگەر بیانەوێت بەڕاستی یەکەیەکی چالاک بن نەک قسەکەر - دەبێت بۆ هەر کارێک یان بڕیارێک کۆبوونەوەی گشتی بۆ کۆبوونەوە بانگێشت نەکەن و خۆیان دەبێت لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیاندا بڕیار بدەن و جێبەجێی بکەن. خودی ئەم ئەنجومەنە (یەکی هەڵبژێردراوی کۆبوونەوەی گشتی) لە ئەنجامدانی کارەکان یان بڕیارەکاندا کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ئەودایە، لەوانەیە بە کۆدەنگی بگات و لەوانەیە ناکۆکی دروست بێت و پێویست بکات بە دەنگدان کێشەکە چارەسەر بکرێت، ڕوونە کە ئەم ڕێگەیە یان ئەم چارەسەرە دیموکراسییە، بەڵام - تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە کۆبوونەوەی گشتییەوە هەیە - دیموکراسی ڕاستەوخۆ نییە! (دیموکراسی ڕاستەوخۆ لەناو یەکەی هەڵبژێردراودا، و دیموکراسی ناڕاستەوخۆ بە بەراورد بە یەکەی هەڵبژاردنەکە).


بە هەمان شێوە، هەموو کۆبوونەوە گشتییەکانی کارگەکان، کێڵگەکان، نەخۆشخانەکان، زانکۆکان، دامەزراوەکانی گواستنەوە، قوتابخانەکان، کانەکان و هتد کە ژمارەیان لە ملیۆنان کەس زیاترە، ناتوانن بۆ ڕاوێژ و بڕیاردان لە یەک شوێندا کۆببنەوە و دەبێت نوێنەرەکانیان ئەم کارە لە جیاتی ئەوان ئەنجام بدەن، لێرەشدا ڕووبەڕووی دیموکراسی ڕاستەوخۆ نابینەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ڕووبەڕووی دیموکراسی ناڕاستەوخۆ یان دیموکراسی بنەمای نوێنەرایەتی دەبینەوە (هەندێک دەڵێن بنەمای بریتی یان بنەمای دەسەڵاتێکی تەواو دیاریکراو نەک ناڕوون و درێژخایەن - بەڵام ئەمە هیچ گۆڕانکارییەک لە باسەکەماندا ناکات). بۆیە بانگەشەی ئەوەی کە ئەنجومەن هاوتای دیموکراسی ڕاستەوخۆیە، ئەگەر فریودانی گشتی نەبێت، ئەوا لە نەزانییەوە سەرچاوە دەگرێت. هەڵەیەکی تر یەکخستنی ئەنجومەنە لەگەڵ پێکهاتەی ئەنجومەنی. ئەنجومەن یەکەیەکییە کە وەک چەند جارێک لەم نووسینەدا وتوومانە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا دەتوانێت دروست بێت (لە بارودۆخی شۆڕشگێڕیدا یان لە قەیرانە گەورە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکاندا)، بەڵام پێکهاتەی ئەنجومەنی - بە واتای جۆرێکی دیاریکراو لە پەیوەندییەکان و پرۆسەکانی بڕیاردان و جێبەجێکردن لەناو ڕێکخراوێکدا - شتێکە کە دەتوانێت و دەبێت لە ڕێکخراوە کرێکارییەکانی تریشدا دروست بێت و بۆ ئەم کارە پێویست نییە بارودۆخی شۆڕشگێڕی یان قەیرانێکی گەورە هەبێت.

**درێژەی هەیە**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە:**

**توانا حەمە نوری**

# سەبارەت بە نامەکەی لینین بۆ کرێکارانی ئەمریکا



نامەی لینین بۆ کرێکارانی ئەمریکا"، کە لە ٢٠ی ئابی ١٩١٨، لە ناوەڕاستی شۆڕش، شەڕی ناوخۆ و دەستتێوەردانە سەربازییەکانی حکومەتە ئیمپریالیستییەکاندا بۆ خاکی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ نووسرا، گرنگییەکی زۆر و فرە لایەنی سیاسی-کرداری و تیۆری هەیە. زۆرێک لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم نامەیە ئێستا چالاکن، بۆیە وەرگێڕانی تەواوی نامەی لینین بۆ کرێکارانی ئەمریکا زۆر پێویستە.

لە ڕوانگەی سیاسی و کردارییەوە، نامەی لینین لە پلەی یەکەمدا پشت بە هاوپشتی و یەکگرتنی نێودەوڵەتی کرێکاران دەبەستێت لە خەباتی دژی سەرمایەداری، خەبات دژی شەڕی ئیمپریالیستی و کوشتار و وێرانکاری بێوێنەی لێی کەوتۆتەوە و پێشڕەویکردن بەرەو شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار. لینین بە دروستی ئاماژە بە چڕبوونەوە و گەشەکردنی خەباتی چینایەتی لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا دەکات، شەڕی چینی کرێکار و هاوپەیمانەکانی دژی سەرمایەدارەکان و خاوەن زەوییەکان و دەزگای سەربازی، ئیداری، پۆلیسی، ئەمنی و دادوەری سەرمایەداری بە مەبەستی تێکشکاندنی ئەم ئامێرەی زاڵبوونی چینایەتی بەسەر کرێکاران و ڕەنجدەرانی تردا، داگیرکردنی موڵک و ماڵی چەوسێنەران و پێشڕەویکردن بەرەو سۆشیالیزم.

خاڵێکی زۆر گرنگ کە لینین لەم بارەیەوە ئاماژەی پێدەکات ئەوەیە کە هەرچەندە خەباتی چینی کرێکار دژی سیستەمی سەرمایەداری خەباتێکی نێودەوڵەتی و جیهانییە و هاوپشتی و یەکگرتن و هاوکاری شۆڕشگێڕانەی کرێکاران لە سەرانسەری جیهاندا بۆ سەرکەوتنی شۆڕش لە وڵاتێکدا و لەوەش گرنگتر، سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لە ئاستی جیهاندا، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت، بەڵام ناهاوسەنگی گەشەکردنی سەرمایەداری لە جیهاندا و ناهاوسەنگی گەشەکردنی خەباتی شۆڕشگێڕان و گەشەکردنی ناهاوسەنگی ئەم خەباتانە لە وڵاتانی جیاوازدا، خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و هاوپەیمانەکانیان بۆ تێکشکاندنی ئامێری سەربازی – ئیداری و دەزگای پۆلیسی، ئەمنی و دادوەری بۆرژوازی، بە یەک کات ڕوونادات. لەسەر ئەوەش، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار و هاوپەیمانەکانی لە وڵاتێکدا، پەیوەست نییە بەم هاوپشتییە، بە واتایەکی تر کرێکارانی وڵاتێکی دیاریکراو بۆ دەستپێکردنی شۆڕش و بە سەرکەوتنی گەیاندنی ناتوانن چاوەڕێی یارمەتی کرێکارانی وڵاتانی تر بن. لەناو بردن و لابردنی بۆرژوازی و هاوپەیمانەکانی لە هەر وڵاتێکدا لەسەر ئەستۆی پرۆلیتاریای هەمان وڵاتە. هەر لەبەر ئەمەش، لینین لە کاتێکدا داوای یارمەتی لە کرێکارانی ئەمریکا دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستتێوەردانی سەربازی ئیمپریالیستەکان – لەوانەش ئیمپریالیزمی ئەمریکا – لە کۆماری نوێی سۆڤیەتدا، دەنووسێت:

"هاوڕێ کرێکارانی ئەمریکی، ئێمە دەزانین کە یارمەتییەکەتان لەوانەیە بەم زووانە نەگات، چونکە شۆڕش لە وڵاتە جیاوازەکاندا بە شێوازی جیاواز و بە خێرایی جیاواز گەشە دەکات (و ناتوانێت جگە لەمە بێت). ئێمە دەزانین کە هەرچەندە شۆڕشی پرۆلیتاریای ئەوروپا لەم دواییانەدا بە خێراییەکی زۆر گەشە دەکات، بەڵام لەوانەیە لە کۆتاییدا لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا گڕ نەگرێت. ئێمە حسابی سەرکەوتنی شۆڕشی جیهانی دەکەین، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە ئەوەندە گەمژە بین کە حسابی شۆڕشێک بکەین کە ناچارە لە ڕێکەوتێکی دیاریکراو و زوودا ڕووبدات. ئێمە دوو شۆڕشی گەورەمان لە ساڵانی ١٩٠٥ و ١٩١٧دا بینیوە و دەزانین کە شۆڕشەکان بە فەرمان یان بە ڕێککەوتن ڕوونادەن. ئێمە دەزانین کە باروودۆخ وای کردووە کە پرۆلیتاریای سۆشیالیستی ڕووسیا بێتە پێشەوەی شانۆ و ئەمەش نەک بەهۆی شایستەییەکانی ئێمەوە، بەڵکو بەهۆی دواکەوتوویی نائاسایی ڕووسیاوە ڕوویداوە، ئێمە دەزانین کە پێش ڕوودانی شۆڕشی جیهانی، لەوانەیە ژمارەیەک شۆڕشی تاکەکەسی شکست بهێنن."

خاڵێکی زۆر گرنگی تر کە لینین جەختی لەسەر دەکاتەوە، پێویستیی بەرگەگرتنی سەختی و شکستەکان، قبوڵکردنی گەورەترین قوربانیدان و بەردەوامبوون و ملکەچنەکردن و متمانە بە سەرکەوتن لە ڕێگەی شۆڕشی پرۆلیتاریدا. لەم بارەیەوە لە نامەکەی لینیندا دەخوێنینەوە: "سۆشیالیستێکی ڕاستەقینە لە تێگەیشتنی ئەم خاڵە غافڵ نابێت کە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەسەر بۆرژوازیدا، بۆ گواستنەوەی دەسەڵات بۆ کرێکاران، بۆ دەستپێکردنی شۆڕشی پرۆلیتاری جیهانی، ناتوانرێت و نابێت لە ئەنجامدانی قورسترین قوربانیدان دوودڵ بێت، لەوانەش قوربانیدانی بەشێک لە خاکەکەی خۆی، قوربانیدان لە بەرگەگرتنی شکستە قورسەکان لە ئیمپریالیزمەوە. سۆشیالیستێکی ڕاستەقینە ئارەزووی خۆی بۆ ئەنجامدانی گەورەترین قوربانیدان بۆ وڵاتەکەی 'خۆی' بە ئاراستەی پێشخستنی ڕاستەقینەی بنەما و ئامانجەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی لە کرداردا دەسەلمێنێت."

خاڵێکی بنەڕەتی تریش کە لینین لەم نامەیەدا و لە زۆرێک لە نووسین و گوتارەکانیدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، پێویستیی خەبات دژی ئۆپۆرتۆنیزم لە بزووتنەوەی کرێکاریدایە. ئۆپۆرتونیزم هەرچەندە لە سەرەتای ئەم بزووتنەوەیەوە بوونی هەبووە، بەڵام لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا گۆڕاوە بۆ دیاردەیەکی زۆر سەرسەخت و بەرفراوان و زاڵ بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، و بوونی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لە دەزگای دەوڵەت و مینبەرە فەرمی و نافەرمییەکانی ئایدۆلۆژیای حکومەتە بۆرژوازییەکان، زانکۆکان، میدیای بەکۆمەڵ و هتد دەبینین. لینین بە دروستی بنکەی کۆمەڵایەتی – ئابووریی ئۆپۆرتونیزم لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا ڕوون دەکاتەوە و تێکۆشان لەگەڵ جۆرەکانی ئۆپۆرتونیزم و دابڕاندن و دوورخستنەوەیان وەک مەرجێکی سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا هەڵدەسەنگێنێت.

لە ڕوانگەی تیۆریشەوە چەند خاڵێکی گرنگ لە نامەکەی لینیندا هەیە. دەزانین کە لینین، وەک ئی. جی. هابسن، ڕۆدۆڵف هیلفەردینگ، نیکۆلای بوخارین، ڕۆزا لوکسەمبۆرگ و ئەوانی تر، ئیمپریالیزمی بە بەرزترین (و کۆتا) قۆناغی سەرمایەداری دەزانی و بەتایبەتی جەختی لەسەر پێویستیی تێگەیشتن لە "سەرچاوەی ئابووریی ئیمپریالیزم" دەکردەوە (بۆ نموونە لە پێشەکیی نیسانی ١٩١٧ بۆ کتێبی "ئیمپریالیزم، بەرزترین قۆناغی سەرمایەداری"). لینین لەم کتێبەدا و لە نووسینەکانی تریدا، ئیمپریالیزم بە سەرمایەداریی مۆنۆپۆل دەناسێنێت. لە کۆتایی بەشی یەکەمی کتێبی "ئیمپریالیزم، بەرزترین قۆناغی سەرمایەداری" دەخوێنینەوە: "مۆنۆپۆل، ئەمە دوا وشەی 'دوا قۆناغی گەشەکردنی سەرمایەداری'یە." لینین پاشان ڕوون دەکاتەوە کە ئەگەر ڕۆڵی بانکەکان، سەرمایەی دارایی و ئۆلیگارشیای دارایی لەبەرچاو نەگرین، تێگەیشتنمان لە مۆنۆپۆلی مۆدێرن زۆر ناکافی، ناتەواو و لاواز دەبێت. هەر بۆیە لە بەشەکانی دواتر ئەو کتێبەدا، سەرمایەی دارایی، هەناردەکردنی سەرمایە، و لە بەشەکانی دواتردا دابەشکردنی جیهان لەنێوان مۆنۆپۆلە سەرمایەدارییەکان، تێکۆشان لەسەر دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان لەنێوان زلهێزەکان و هتد دەوروژێنێت. کۆتایی گشتی و گشتگیری لینین لە ئیمپریالیزم – کە لە وتارەکەی "ئیمپریالیزم و دابەشبوون لە سۆشیالیزم"یشدا دەری دەبڕێت بەم شێوەیەیە: "ئیمپریالیزم، قۆناغێکی مێژوویی تایبەتی سەرمایەدارییە. تایبەتمەندیی سێگانەیی تایبەتیی ئەوە بریتییە لە: "١. سەرمایەداریی مۆنۆپۆلی، ٢. سەرمایەداریی مشەخۆر و لەناوچوودا و

٣. سەرمایەداریی لە حاڵی مەرگدا".

لینین لە نامەیەکیدا بۆ کرێکارانی ئەمریکا، بە ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئیمپریالیزم، باس لە ئەنجامی سیاسی ئەم تێگەیشتنە تیۆرییە دەکات، واتە ئەو ڕاستییەی کە ئیمپریالیزم سەردەمی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلێتارییایە، و تایبەتمەندی مشەخۆری و لەناوچوونی یەکجارەکی ئیمپریالیستە جیاوازەکان و ڕووخاندنیان بەهۆی خەباتی چینایەتیی پرۆلێتاریا و خەباتی جەماوەرە چەوساوەکان لە سەرانسەری جیهاندا دەخاتە ڕوو. خاڵێکی گرنگی دیکە لە کارەکانی لینیندا کە لەم نامەیەشدا بە ڕوونی دەبینرێت ئەوەیە کە لینین لە شیکارییەکەیدا بە هیچ شێوەیەک تەنها بە وەسف و شیکردنەوەی گشتیترین تایبەتمەندییەکان – کە بێگومان زۆر گرنگن – ناگوێرێت، بەڵکو تایبەتمەندییە خودییەکانی هەر هێزێکی ئیمپریالیستیی دیاریکراویش ڕوون دەکاتەوە کە بۆ بەرنامەی سیاسی و کردارییی پرۆلێتاریا لە هەر حاڵەتێکی تایبەتدا گرنگییەکی زۆریان هەیە.دەزانین کە لینین ئیمپریالیزمی بەریتانیای بە ئیمپریالیزمی "بازرگانی-کۆلۆنیالیزمی"، ئیمپریالیزمی فەرەنسای بە "ئیمپریالیزمی قازانجخۆر" (ڕانتیێ)، ئیمپریالیزمی ئەڵمانیای – بەتایبەتی پێش ڕووخانی قەیسەر – بە ئیمپریالیزمی بۆرژوا – یونکر و ئیمپریالیزمی تێزارشی بە ئیمپریالیزمی "فیۆداڵی – سەربازی" ناودەبرد. لینین هەروەها سەبارەت بە ئەڵمانیا، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ئەو وڵاتە و باڵادەستییەکەی لەم بوارەدا بە بەراورد بە فەرەنسا و بەریتانیا، ڕێکخستن و ڕێکوپێکیی کارگێڕی و سەربازییەکەی، و هەروەها ڕۆڵی دەوڵەت و مۆنۆپۆلەکانی دەوڵەت لە سەرمایەداریی ئەڵمانیادا لەبەرچاو دەگرت. ڕوونە کە ئەم تایبەتمەندییانە بە هیچ شێوەیەک نەیارانی تایبەتمەندیی گشتیی ئیمپریالیستیی ئەم هێزانە نەبوون، واتە سەرمایەداریی مۆنۆپۆلی مشەخۆر و لەناوچوو و لە حاڵی مەرگدا، بەڵام دەربڕینی ئەم تایبەتمەندییە خودییانە و ناسینیان کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتیی خەباتی سیاسی و لەسەر ستراتیژ و تاکتیکەکانی خەباتی پرۆلێتاریا هەبوو و دەبوو لەبەرچاو بگیرێن.

لینین لە نامەکەی بۆ کرێکارانی ئەمریکا، تایبەتمەندیی خودیی ئیمپریالیزمی ئەمریکاش دەخاتە ڕوو. لینین ئیمپریالیزمی ئەمریکای بە نوێترین، بەهێزترین، تازەترین هێزی ئیمپریالیستیی ئەو سەردەمە دەزانێت، و لەوەش گرنگتر، ئیمپریالیزمی ئەمریکا، تەنانەت لەو کاتەشدا، بە ئیمپریالیزمێکی باج وەرگر وەسف دەکات کە هێزە ئیمپریالیستییەکانی تر "سەرانە دەر"ی ئەون! لینین لە هەمان نامەدا دەنووسێت:

"ملیۆنێرە ئەمریکییەکان، کە ڕەنگە دەوڵەمەندترین و لە ڕووی جوگرافییەوە پارێزراوترین بووبن، زۆرترین قازانجیان کردووە. ئەوان هەموو وڵاتەکانیان، تەنانەت دەوڵەمەندترینیشیان، کردووەتە سەرانە دەرای خۆیان. ئەوان سەدان ملیار دۆلاریان کۆکردووەتەوە کە هەموو دۆلارێکی بە چڵکی پەیماننامە نهێنییەکانی نێوان بەریتانیا و 'هاوپەیمانەکانی'، نێوان ئەڵمانیا و پیاوەکانی، پەیماننامەکانی دابەشکردنی دەستکەوتەکان، پەیمانامەکانی 'یارمەتی' دوولایەنە بۆ سەرکوتکردنی کرێکاران و گۆشەگیرکردن و ڕاوەدوونانی سۆشیالیستە ئینتەرناسیۆنالیستەکان پیس کراوە. هەر دۆلارێک، بە چڵکی گرێبەستە 'قازانجدارە' جەنگییەکان پیس کراوە، کە لە هەر وڵاتێکدا دەوڵەمەندەکانی دەوڵەمەندتر و هەژارەکانی هەژارتر کردووە."

ئەوەی لینین دەیڵێت، بەتایبەتی لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەم تا ئێستا و تەنانەت ئەمڕۆش لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیست و یەکەمدا، بە تەواوی ڕاستە. بەسە سەیری پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ بەریتانیا، یەکێتی ئەوروپا، ژاپۆن، کەنەدا، ئوسترالیا، کۆریای باشوور، مەکسیک، بەرازیل، ئەرژەنتین، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەورووپای ڕۆژهەڵات و هیتر بکەین. تەنها "چاکسازییەک" کە ئەمڕۆ دەتوانرێت لە قسەکانی لینیندا پێشنیار بکرێت، گۆڕینی "ملیۆنێرەکان"ە بۆ "ملیاردێرەکان"!


لە فارسییەوە کراوەتە کوردی

سەرچاوە:

https://web.telegram.org/k/#@kargaranehampeman5

**توانا محەممەد نوری**

**٢٦/٩/٢٠٢٥**



# لە ژیانی تایبەتی کارل مارکسدا

## پۆڵ لافارگ - ١٨٩٠

### پیاوێک بوو، بە گشتی کەسێکی وەک ئەو دووبارە نابینمەوە...

(هاملێت، بەشی یەکەم، دیمەنی ٢)

لە ژیانی تایبەتی کارڵ مارکسدا
پۆڵ لافارگ - ١٨٩٠
سەرچاوە: ئەرشیفی ئینتەرنێتی مارکس و ئەنگڵس
پیاوێک بوو، بە گشتی کەسێکی وەک ئەو دووبارە نابینمەوە.
(هاملێت، بەشی یەکەم، دیمەنی ٢)

لە شوباتی ساڵی ١٨٦٥ بۆ یەکەمجار کارل مارکسم ناسی. ئینتەرناشناڵی یەکەم لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٨٦٤ لە کۆبوونەوەیەکدا لە هۆڵی سەینت مارتن لە لەندەن دامەزرابوو، منیش لە پاریسەوە چوومە لەندەن بۆ ئەوەی هەواڵی گەشەسەندنی ڕێکخراوە گەنجەکە لەوێ بە مارکس بدەم. م. تۆلین، کە ئێستا سیناتۆرە لە کۆماری بۆرژوازی، نامەیەکی ناساندنی پێدام.

ئەو کاتە تەمەنم ٢٤ ساڵ بوو. تا لە ژیاندا بم ئەو کاریگەرییەم لەبیر ناچێتەوە کە ئەو سەردانە یەکەمە لەسەرم بەجێیهێشت. مارکس لەو کاتەدا تەندروستی باش نەبوو. خەریکی نووسینی کتێبی یەکەمی سەرمایە بوو، کە دوای دوو ساڵ، لە ساڵی ١٨٦٧ بڵاو کرایەوە. ترسی ئەوەی هەبوو کە نەتوانێت کارەکەی تەواو بکات و بۆیە دڵی بە سەردانیکردنی گەنجان خۆش بوو. "دەبێت مرۆڤەکان ڕابهێنم بۆ ئەوەی دوای من پڕوپاگەندەی کۆمۆنیستی بەردەوام بکەن،" وای دەوت.

کارل مارکس یەکێک بوو لەو کەسە دەگمەنانەی کە دەیتوانی لە هەمان کاتدا پێشەنگ بێت لە زانست و ژیانی گشتیدا: ئەم دوو لایەنە ئەوەندە بە توندی تێیدا تێکەڵ ببوون کە تەنها بە لەبەرچاوگرتنی هەردووکیان، واتە زانا و خەباتکاری سۆشیالیست، دەتوانرێت لێی تێبگەی.

مارکس پێی وابوو کە دەبێت زانست بۆ خۆی پەیڕەو بکرێت، بەبێ گوێدانە ئەنجامە ئەگەرییەکانی توێژینەوەکە، بەڵام لە هەمان کاتدا زانایەک تەنها دەتوانێت خۆی بچووک بکاتەوە بە دەستبەرداربوونی بەشداری چالاکانە لە ژیانی گشتیدا یان خۆی لە خوێندنگە یان تاقیگەیەکدا وەک کرمێک لە پەنیردا قەتیس بکات و خۆی لە ژیان و خەباتی سیاسی هاوچەرخەکانی بەدوور بگرێت.

"زانست نابێت ببێتە چێژێکی خۆپەرستانە،" وای دەوت. "ئەوانەی کە بەختی ئەوەیان هەیە بتوانن خۆیان بۆ کاری زانستی تەرخان بکەن، دەبێت یەکەم کەس بن کە زانیارییەکانیان بخەنە خزمەتی مرۆڤایەتییەوە." یەکێک لە وتە دڵخوازەکانی ئەوە بوو: "کار بۆ مرۆڤایەتی."

هەرچەندە مارکس هاوسۆزییەکی قووڵی بۆ ئازارەکانی چینی کرێکار هەبوو، بەڵام هۆکارە سۆزدارییەکان نەبوون بەڵکو خوێندنەوەی مێژوو و ئابووری سیاسی بوو کە وای لێکرد بگاتە بۆچوونە کۆمۆنیستییەکان. پێی وابوو کە هەر کەسێکی بێلایەن، دوور لە کاریگەریی بەرژەوەندییە تایبەتەکان و بەهۆی لایەنگرییە چینایەتییەکانەوە کوێر نەبووبێت، ناچار دەبێت بە هەمان دەرئەنجامەکان بگات.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە کاتێکدا کە مارکس گەشەسەندنی ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەبێ هیچ بۆچوونێکی پێشوەختە دەخوێندەوە، بەبێ هیچ مەبەستێکی تر نووسی جگە لە بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی و بە ویستێکی بەهێزەوە بۆ دابینکردنی بنەمایەکی زانستی بۆ بزووتنەوەی سۆشیالیستی، کە تا ئێستا لە نێو هەورەکانی یوتۆپیادا ون ببوو. ئەو بۆچوونەکانی بڵاو دەکردەوە تەنها بۆ پێشخستنی سەرکەوتنی چینی کرێکار، کە ئەرکی مێژوویەتی بۆ دامەزراندنی کۆمۆنیزم هەر کاتێک سەرکردایەتی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگەی بەدەست هێنا...

مارکس چالاکییەکانی خۆی بە وڵاتی لەدایکبوونەکەیەوە سنووردار نەکرد. "من هاووڵاتییەکی جیهانم،" وای دەوت؛ "لە هەر کوێ بم چالاکم." و لە ڕاستیدا، گرنگ نییە چ ڕووداو و چەوساندنەوەیەکی سیاسی پاڵی پێوە نابێت بۆ فەڕەنسا، بەلجیکا، ئینگلتەرا – بەشدارییەکی دیاری لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی ئەوێدا هەبوو.

بەڵام ئەوە تێکۆشەری سۆشیالیستی نەپساو و بێ وێنە نەبوو، بەڵکو زانا بوو کە یەکەمجار لە خوێندنگەکەیدا لە ڕێگەی مایتلاند پارک بینیم. ئەو خوێندنگەیە ئەو ناوەندە بوو کە هاوڕێیانی حیزب لە هەموو لایەکی جیهانی شارستانیدا دەهاتن بۆ ئەوەی بۆچوونی مامۆستای بیری سۆشیالیستی بزانن. دەبێت ئەو ژوورە مێژووییە بناسیت پێش ئەوەی بتوانیت بچیتە ناو ژیانی ڕۆحی مارکس.

ژوورەکە لە نهۆمی یەکەم بوو و ڕووناکییەکی زۆری هەبوو، چونکە پەنجەرەیەکی گەورەی لێبوو کە ڕووی لە پارکێک دەکرد. دیواری بەرامبەر پەنجەرەکە و هەردوو دیوی شوومێنەکە (مەعرەز) بە تەواوی داپۆشرابوون بە کتێبخانەکان کە پڕ بوون لە کتێب، ڕۆژنامە و دەستنووسی جۆراوجۆر کە تا سەقف بەرز بوونەوە. لە تەنیشت پەنجەرەکە، دوو مێز هەبوون کە بە کاغەز، کتێب و ڕۆژنامە داپۆشرابوون. لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا، لە شوێنێکی باش و ڕووناکدا، مێزێکی بچووکی سادە (نزیکەی ٩٠سم بە ٦٠سم) لەگەڵ کورسییەکی دار هەبوو. لە نێوان کورسییەکە و کتێبخانەکەدا، بەرامبەر بە پەنجەرەکە، قەنەفەیەکی چەرم هەبوو کە مارکس هەندێک جار بۆ پشوودان لەسەری درێژ دەبوو. سەر شوومێنەکە بە چەندین شت ڕازابووەوە، لەوانە کتێبی زیاتر، سیگار، قتووی گۆگرد، قتووی تووتن، قورسایی کاغەز، و هەندێک وێنەی تایبەتی خێزانی، وەک وێنەی کچەکانی مارکس، هاوسەرەکەی، ویلهێلم وۆڵف و فرێدریک ئەنگڵز.

مارکس جگەرەی زۆر دەکێشا. "سەرمایە،" جارێکیان پێی وتم، "هەتا پارەی ئەو سیگارانەش نادات کە بۆ نووسینی کێشاومن." بەڵام شقارەتەشدا زۆر زیاتر بەکاردەهێنا. زۆر جار پایپ یان سیگارەکەی لەبیر دەچوو، بۆیە ژمارەیەکی بێئەندازە شقارتەی لە ماوەیەکی کورتدا بەکاردەهێنا بۆ دووبارە داگیرساندنەوەیان.

هەرگیز نەیدەهێشت کەس دەست لە ڕێکخستنی کتێب و کاغەزەکانی بدات. بەڵکو، شێوازی پێکدان و ڕێکخستنەکەی تەنها بۆ ئەو مانای هەبوو، چونکە بە وردی دەیزانی هەر شتێک لە کوێیە و بە ئاسانی دەیتوانی ئەو کتێب یان دەفتەرەی کە پێویستی پێی بوو، بدۆزێتەوە. تەنانەت لە کاتی گفتوگۆکانیشدا زۆر جار قسەکانی دەبڕی بۆ ئەوەی بە خێرایی لە کتێبێکدا ئاماژە بە زانیارییەک بدات کە تازە باسی کردبوو. ئەو و ژینگەی خوێندنەکەی یەک پارچە بوون؛ کتێب و کاغەزەکانی ژوورەکە بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا بوون، وەک ئەندامەکانی جەستەی خۆی.


مارکس سوودی لە هاوسەنگی فەرمی لە ڕێکخستنی کتێبەکانی نەدەبینی: قەبارەی جیاواز و نامیلکەکان لە تەنیشت یەکترەوە بوون. ئەو بەپێی ناوەڕۆکیان ڕێکی دەخستن نەک قەبارەیان. کتێبەکان ئامراز بوون بۆ مێشکی، نەک کەلوپەلی لوکس.

"ئەوان کۆیلەی منن و دەبێت وەک خۆم دەمەوێت خزمەتم بکەن،" وای دەوت. گرنگی بە قەبارە یان بەرگ یان کوالێتی کاغەز یان جۆری پیت نەدەدا؛ گۆشەکانی لاپەڕەکانی دەچەماندەوە، نیشانەی قەڵەمی لە پەراوێزەکاندا دادەنا و هەموو دێڕەکانی هێڵکار دەکرد. هەرگیز لەسەر کتێب نەیدەنووسی، بەڵام هەندێک جار نەیدەتوانی خۆی بگرێت لە دەربڕینی هەستێک یان پرسیارێک کاتێک نووسەرەکە زۆر دەڕۆیشت. سیستمی هێڵکاریکردنەکەی ئاسانی دەکرد بۆی کە هەر بڕگەیەک کە پێویستی پێی بوو لە هەر کتێبێکدا بدۆزێتەوە. عادەتی ئەوەی هەبوو کە دوای چەندین ساڵ سەیری دەفتەرەکانی بکات و ئەو بڕگانەی کە لە کتێبەکاندا هێڵکار کرابوون بیانخوێنێتەوە بۆ ئەوەی لە یادگارییدا تازە بمێننەوە. خاوەنی بیرگەیەکی بێئەندازە متمانەپێکراو بوو کە لە گەنجییەوە بەپێی ئامۆژگاری هیگڵ پەرەی پێدابوو بە لەبەربوونی شیعر بە زمانێکی بێگانە کە نەیدەزانی.

هەینە گۆتەی بەبیرەوە بوو و زۆرجار لە گفتوگۆکانیدا ئاماژەی پێدەدا؛ خوێنەرێکی بەردەوامی شاعیران بوو بە هەموو زمانە ئەورووپییەکان. ساڵانە ئەسکولیۆسی بە زمانی یۆنانی ڕەسەن دەخوێندەوە. ئەو و شێکسپیری بە گەورەترین نووسەرانی درامای مرۆڤایەتی دادەنا کە تا ئێستا لەدایک بووبن. ڕێزگرتنەکەی بۆ شێکسپیر بێسنوور بوو: لێکۆڵینەوەیەکی وردی لە کارەکانی کردبوو و تەنانەت گرنگترین کارەکتەرەکانیشی دەناسی. هەموو خێزانەکەی پەرستنێکی ڕاستەقینەیان بۆ نووسەرە گەورە ئینگلیزییەکە هەبوو؛ هەر سێ کچەکەی زۆرێک لە کارەکانیان لەبەر بوون. کاتێک دوای ساڵی ١٨٤٨ ویستی زانیارییەکانی لەسەر زمانی ئینگلیزی باشتر بکات، کە پێشتر دەیخوێندەوە، هەموو دەربڕینە ڕەسەنەکانی شێکسپیری دۆزییەوە و پۆلێنی کردن. هەمان شتی لەگەڵ بەشێک لە کارە ململانێییەکانی ویلیام کۆبێتدا کرد، کە بۆچوونێکی بەرزی لەسەر هەبوو. دانتێ و ڕۆبەرت بێرنز لە ڕیزی شاعیرە دڵخوازەکانیدا بوون و بە چێژێکی زۆرەوە گوێی لە کچەکانی دەگرت کە شیعرە ساتیرەکان یان باڵادەکانی شاعیرە سکۆتلەندییەکەیان دەخوێندەوە یان دەیانوت.

کاڤیەر،

بۆ لاپەڕە 14



# نەغەدە عوسمان: مامۆستایان بوونە پێشەنگی ناڕەزایەتییەکان، بایکۆت بووەتە ناونیشانی مامۆستایان...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەل نەغەدە عوسمان یەکێك لە سیما ناسراوەکانی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری لە کوردستان، سەبارەت بە هۆکارەکانی دواکەوتنی موچە و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە...

**بۆپێشەوە: زیاتر لە١٠ ساڵە کێشەی لێبڕین و دواکەوتنی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان، بۆتە یەکێک لە کێشەکانی فەرمانبەران و گشت کۆمەڵگە، هۆکاری دواکەوتنی موچە چییە؟**

**نەغەدە عوسمان:** کێشەی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان شێوازی نەخۆشیەکی درێژخایەنی بەخۆوە نیشانداوین، چارەسەری نەدۆزراوەتەوە و یەکلایی ناکرێتەوە و زۆر لەسەر ژیانی دانیشتوان کەوتووە، تا ئەو ڕادەیەی موچە خۆرانیان لەگەڵ ئەم دیاردەیە ڕاهێناوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١وە واتە لە هاتنە سەردەسەڵات و دەستبەسەرا گرتنی دام دەزگای حکومی لەلایەن کۆمەڵە کەسانێکەوە، کە دەیان ساڵە بەناوی کوردایەتیەوە خەڵکیان لەخشتە بردوەو هەر بەو ناوەشەوە حکومڕانیان گرتە دەست و خۆیان وەک فریادڕەس نیشاندا، هەر بەو مانایەش لەلایەن وڵاتانی چواردەورو ڕۆژئاواوە حاکمیەتیان قبوڵکرا و خەڵکیش لەدوای ئەو هەموو زەبروزەنگەی کەبەدەست بەعسەوە نۆشتبوی، بەهەر هێزو لایەنێک ڕازی بوو حوکمیان بکات، بەمەرجێ لە بەعس ڕزگاری ببێ. بەڵام ئەم هەوری خۆشخەیاڵیە بە دەسەڵاتی کوردی هەرزوو ئاسمانی هەرێمی چۆڵکرد و کونییەی ئەم هێزو دەسەڵاتە هەر زوو کەشف بوو، کە ئەم حیزبانەی بونەتە حاکم تەنها هێزی میلیشیا و کۆمەڵێک تاڵانچی و دزو جەردەی خزمەتچی وڵاتانێکن کەتەنها بۆ کپکردنەوەو لەباربردنی ناڕەزایەتی خەڵکی ناڕازین، دەلیلەکەشی ئەم کەشە نائارام و برسی و نائازادەیە کەخەڵکی هەرێم پێیدا دەگوزەرێ، تەواوی ژیانی خەڵکیان ئاڵۆز کردوە، بە ئاشکرا هەموو دەبینین پاش زیاتر لە ٣٤ ساڵ، بەناوی دەسەڵاتی کوردییەوە، موچەخۆریان کردۆتە قوربانی سیاسەتی نابەجێ و نەشیاوی ململانێی خۆیان بەرامبەر بەرژەوەندییە زەبەلاحەکانیان لەبەرامبەر حکومەتی ناوەند، بەردەوام لە شەڕی گۆڕینی هاوسەنگی هێزەکانیاندان بۆ بەدەست هێنانی تاڵانی زیاتر، لەلایەکی ترەوە خاوەنی کۆمەڵێ بەرژەوەندین لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کەبە ئاشکرا قاچاخچێتی بازرگانی بە فرۆشتنی نەوتەوە دەکەن، بەڵام کەس نازانێ پارەکەی بەرەو کوێ دەچێت، جگە لە ئەندامانی دوو بنەماڵەی خاوەن دەسەڵاتی زۆنی سەوزو زەرد، کە سرینەوەی شەفافیەت لە داهات و بودجەدا کردۆتە یاسا، هەرچەندە خەڵکی کوردستان وابەهیوا بون کەدوای نەمانی ڕژێمی بەعس بە ئاسودەیی و بەوپەڕی ئازادی و خۆشگوزەرانی ژیان بەسەربەرن، وە لەبەهاری ١٩٩١دا ئەوە خەڵک بوو پاشماوەی هێزە شەڕەنگێزە شکستخواردووەکەی بەعسیان لە کوردستان ڕاونا، بەڵام دوو هێزی بنەماڵە بە ڕاست و چەپدا بەرهەمەکەیان چنیەوە.

ئێستاش بەرەو کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥ دەچین بەڵام دابینکردن و دابەشکردنی موچە هەرگیز شێوەی ئاسایی بەخۆیەوە نەدیوە و دۆخی ئاسایی وەرنەگرتۆتەوە، موچە سەرچاوەی بژێوی لایەک لە خەڵکی هەرێمە و هۆکاری جوڵاندنی بازاڕو کارو کاسبی هەرێمی کوردستانە، هەر بۆیە نەبوونی موچە دەیان کێشە بەدوای خۆیدا هێناوە، بەرچاوترینی داخستنی ژمارەیەکی بەرچاوی قوتابخانە حکومیەکانە کە منداڵی خەڵکی بێدەرامەت تێیدا زەرەرەو مەندە، چونکە مامۆستا بەهۆی نەبوونی موچەوە بایکۆتی دەوام دەکات، ئەمەش جۆرێکە لە ناڕەزایەتی کە مامۆستاو فەرمانبەر لە ساڵی ٢٠١٦وە پەنای بۆدەبات تا دەسەڵات ناچار بە دانی موچە بکات. لە هەرێمی کوردستان نەبوون و دواکەوتنی موچە تازە نییە، لەدوای ڕاپەڕینی خەڵک لە ساڵی ١٩٩١وە تا ٢٠٠٣ شێوازی موچەدان هەر بەم شێوە ناڕێکەو بگرە خراپتریش بوو تا ڕوخانی بەعس، ئیتر ئاهێک بە گوزەران و ژیانی خەڵکدا هاتەوە، بەڵام دیسان بەهاتنی داعش جارێکی تر موچە چووەوە دەمی شێر، بەڵام ئەمجارە تەواو خەڵک هیلاک بوو بەدەست نەبوونی و بێ کاروکاسبییەوە، دەسەڵاتی هەرێم بەوەشەوە نەوەستا مۆدێلی چارەکە موچە و پاشەکەوتی داهێنا، ئەمەش تەواوی مامۆستاو فەرمانبەری وروژان بۆ داوای موچە فەوتاوەکانی.

> **موچە سەرچاوەی بژێوی لایەك لە خەڵکی هەرێمە و هۆکاری جوڵاندنی بازاڕو کارو کاسبی هەرێمی کوردستانە، هەر بۆیە نەبوونی موچە دەیان کێشە بەدوای خۆیدا هێناوە، بەرچاوترینی داخستنی ژمارەیەکی بەرچاوی قوتابخانە حکومیەکانە کە منداڵی خەڵکی بێدەرامەت تێیدا زەرەرمەندە..**

موچەخۆر زۆر جار پەنای بردۆتە بەر ناڕەزایەتی و داواکردنی موچە خوراوەکانیان، بەڵام هیچ کات ژمارەی موچەخۆر و شێوەی ناڕەزایەتییەکان و داواکاری موچەخۆر، دەسەڵات و حکومەتی نەلەرزاند، هۆکارەکەشی ئەوەیە خەڵکی ناڕازی دێتە جواب، بەڵام جۆری بێدەربەستی و نابەرپرسانەو نامرۆڤانەی مامەڵەی هەردوو بنەماڵە و لە هەمانکاتدا پێکهاتەی حزبەکانیان وەک کۆمەڵێک هەلپەرست و لایەنی پاشکۆی دەسەڵات و خاوەن بەرژەوەندی لەگەل دەسەڵات و ...هتد دەستدەگرن بەسەر ناڕەزایەتیەکانداو هەر زوو ئومێدی خەڵک لەناو دەبەن، نمونەکەشی ناڕەزایەتییە گەورەکەی ١٧ شوباتە کە لەلایەن خەڵکی ناڕازیەوە سەری دەرهێناو دەستیپێکرد، گیانی چەندین گەنج وبگرە منداڵیش بووە قوربانی ناڕەزایەتیەکە، بۆیە بووە جێی ئومێدی هەموان چونکە خەڵکی ناڕازی بە ئومێدی دەرپەڕاندنی دەسەڵات هێنایە مەیدان، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی لەسەرەتاوە ئیدانەی سەروکەڵلەی ناڕەزایەتیەکەیان دەکرد، پاش فراوان بوونی، ژێربەژێر لەگەڵ دەسەڵات ڕێککەوتن و فرۆشتیان بە دەسەڵات و خەڵک دەستبەتاڵ هاتەوە ماڵەوە و ئەمەش بۆ چەندین سال خەڵکی سست کرد بەرامبەر بە ماف و داواکاریەکانیان.

**بۆپێشەوە: کێشەی موچە یەکێک لە گرفتەکانی نێوان دەسەڵاتی بەغداو هەرێمە، کام لەم دوو لایەنە بەغدا یان هەولێر، هۆکاری کێشەی موچەن؟**

**نەغەدە عوسمان:** هۆکاری دواکەوتنی موچە هەردوو لایانە، واتە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق، کە خەڵکیان لە چاوەڕوانی شەرو ململانێی خۆیاندا ڕاگرتووە کە پێکهاتەیەکن لە حکومەتی نەتەوەیی و تائفی و ئیسلامی، دەتوانین بڵێین لە بنەڕەتدا شەڕەکەیان لەسەر موچە نییە، بەڵکو گیرۆدەبوونە لە واقعێکدا، کە چۆن هەرلایەنێکیان هەوڵئەدات هاوسەنگی هێز بە قازانجی خۆی بگۆڕێت و نفوز باڵادەستی خۆی فروانتر بکات، ئەمەش شەڕێکی نەبڕاوەیەو یەکلایی نابێتەوە، پێویستە ئەم جۆرە حکومەتانە کۆتاییان پێ بهێنرێت. هەردوو لایان خاوەنی سەرمایەیەکی بێ ئەژمار وزەبەلاحن کە نەک هیچ سودێکیان بۆ خەڵک نییە، بەڵکو خەڵکیان بە بارمتەگرتووە و بوونەتە گەورەترین بەڵاو نەهامەتی بەسەر ژیانی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێشەوە، بوونەتە جەردەی هەمیشەیی دنیایەک داهاتی نەوتی و نانەوتی لە عێراق و هەرێمدا.

ژیان و بژێوی و ئارامی خەڵک کەوتۆتە نێوان بەرداشێکی تەواو نامرۆڤانەی هەرێم و عێراقەوە، بەتایبەتی لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ وە، واتە بە دروستبون و هاتنی داعش دۆخێکی ترسناک و تۆقێنەر نەک هەرێمی کوردستان، بگرە ترسی خستە ناو

> **حزبەکانی دەسەڵات، زیاتر لە ٣٤ ساڵە، بەناوی دەسەڵاتی کوردییەوە، موچەخۆریان کردۆتە قوربانی سیاسەتی نابەجێ و نەشیاوی ململانێی خۆیان بەرامبەر بەرژەوەندییە زەبەلاحەکانیان لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا...**

ژیان و گوزەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وتەواوی دنیای سەرقاڵکرد بەخۆیەوە، ئەمەش بووە دەرفەت بۆ دەسەڵاتی هەرێم کە یەکەم کاری پەلاماردانی موچە بێت، واتە لە سەرەتای هاتنی ساڵی ٢٠١٤وە موچەخۆر بووە قوربانی شەڕو پەلاماردانی داعش وە سیاسەتی پاوانخوازی و گەندەڵی هەرێم، هۆکارێکی تری، ناڕێکی و ناتەبایی پەیوەندی حکومەتی هەرێم و عێراقە کە لە

کۆتایی سالی ٢٠١٣وە سەریهەڵدا، باجی ئەمەش هەر موچەخۆر دایەوە، چونکە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم بە ویستی خۆیان بازرگانیان بە نەوتەوە دەکرد، موچەشیان لە حکومەتی عێراق دەویست، حکومەتی هەرێم ئەوەی بۆی گرنگ نەبوو بژێوی خەڵک بوو، هەرچی حکومەتی ناوەندیشە هەمان شێوەی دەسەڵاتی هەرێم خەڵکی کوردستانی کردبووە قوربانی دۆخی سیاسی و پەیوەندییە نارێکەکەی لەگەڵ هەرێمدا و بڕیاریدا موچە نەنێرێت، چونکە هەرێم جوابی داخوازیەکانی حکومەتی ناوەندی نەدەدایەوە، تا لە کۆتایدا موچە بووە چارەکە موچە، ئەمەش گوزەرانی خەڵکی هەرێمی هێنایە سەرسفر، وە ترسی سەرهەڵدانی داعشیش خەڵکی لەهەر جوڵەیەک ڕاگرتبو، بەڵام ژیانی ڕۆژانەی خەڵک گەشتە ئاستێکی بەرگە نەگر بۆیە موچەخۆران بڕیاری بایکۆتی سەرجەم دامودەزگاکانیان دا، بەمەش خوێندن بەر ئەم لێشاوی بایکۆتە کەوت، هەرچەندە مامۆستا ئەوکاتە هێشتا هەر بەردەوام دەوامیان دەکرد لەپێناو خوێندکارانی قوتابخانە حکومیەکان تا منداڵی خەڵکی کەمدەرامەت، لە خوێندن بێبەش نەبن، بەمەش مامۆستایان کەوتبونە بەرگلەیی خەڵک کە دەرگای خوێندنگا داناخەن و نایەنە ڕیزی ناڕەزایەتیەکان، بەڵام چیتر مامۆستاش بەرگەی بێ موچەیی نەگرتو هاتنە بەرەی بایکۆت و ناڕەزایەتی، ئیتر مامۆستایان بوونە پێشەنگی ناڕەزایەتییەکان، بایکۆت بووە ناونیشانی مامۆستایان، لێرەدا دەبێت بڵێین، کاتێک منداڵی خێزانی کەم دەرامەت و مامناوەند زەرەر دەکەن لە دواکەوتنی خوێندندا، مامۆستا گوناهی نییە دەسەڵات تاوانبارە بە نەدانی موچە هیچ کارێکیش بێ بەرامبەر ئەنجام نادرێ بەتایبەتی کە پەیوەندە بە بژێوییەوە.

لەدوای ڕیفراندۆمەکەی ٢٠١٧ وە حکومەتی عێراق ڕۆژ دوای ڕۆژ کاری لەسەر لاوازکردنی دەسەڵاتی هەرێم کرد، یەکەم کاریش وەستانی هەناردەکردنی نەوت بوو، ئینجا چاودێری کردنی سنورەکان و داهاتەکەی، ئەمەش گەورەترین گورز بوو کە لە دزی و گەندەڵی دەسەڵاتی کوردی درا...

**بۆپێشەوە: لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا کە کێشەی موچە هەیە، دەیان و سەدان جار، بەغدا و هەولێر ڕێکەوتنیان کردووە کە کۆتایی بە کێشەی موچە بێت، کەچی ڕێکەوتنەکان بە ئاکام ناگەن… هۆکاری بە ئاکام نەگەیشتنی ڕێکەوتنەکان چییە؟**

**نەغەدە عوسمان:** هەر لەسەرەتادا باسی گرتنە دەسەڵاتی ئەمانەم کرد، چۆن هاتن بۆچی ئەمانە سیاسەتیان ناگۆڕێت بۆچی ماونەتەوەو گەر وریا نەبین هەر لەدەسەڵاتدا دەبن؟

چەندین هەفتەیە حکومەتی عیراق و وەفدی هەرێم لە کۆبونەوەو گفتوگۆی بەردەوامدان، لەسەر ناردنی موچە و هەناردەکردنەوەی نەوت و ڕادەستکردنی داهاتی نانەوتی، واتە ئەمجارە ڕێککەوتن و دانیشتنەکانیان یەکلایی کەرەوە بێت، بەڵام ئایا وادەبێت؟ نەخێر، چونکە مەسەلەکە موچەو داهات نییە، بەڵکو هەموی چۆتە قاڵبی سیاسەتی حکومەتی ناوەندو هەرێمەوە لەبەردەوامی کێشەو ململانێی هەردوولایان وە شەڕی ڕاگرتنی باڵانسی هێزی خۆیان دەکەن، هۆکاری بەئەنجام نەگەیشتنی کۆبونەوەکانیش هەر ئەمەیە، دەلیلەکەشی ئەوەیە کە هێنان و بردنی موچەو داهات کاری خەزێنەکان و بەشەکانی ژمێریاری فەرمانگەکانە، نەک تێکەڵ بونی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم و وەزیری ئابوری. حکومەتی هەرێم لەجیاتی ئەوەی سەرقاڵی پلانی نەخشەیەکی ئابوری و پرۆژەی چەندین ساڵی ئایندەو سیاسەتی داهاتوی وڵات بن، وە پرۆژەی زەبەلاحیان هەبێت بەو سەرمایە زەبەلاحەی لە فرۆشتنی نەوت دەستیان کەوتوە، کەچی هەر خەریکی وەفد ناردنن بۆ بەغدا و خۆ زەلیلکردن لەبەردەم بەغدادا بۆ ناردنی موچە، بەغداش بە نامرۆڤانەترین شێوە مامەڵە بە قوت و بژێوی موچەخۆری هەرێمەوە دەکات، لەبری لێپرسینەوە لە دەسەڵاتدارانی هەرێم لە ئاست بەرپرسیاریەتی بەرامبەر خەڵکی هەرێم، هۆکارەکەشی تەنها ئەوەیە، کە حکومەتی ناوەندیش لەمان باشتر مامەڵەی هیچ کام لە خەڵکی عێراق و کوردستان ناکات و سەرقاڵی شەڕو جێبەجێکردنی پلانی وڵاتانی چوار دەورە.

یەکێتی هێزێکە هاوسەنگی هێزی لاوازە لە بەرامبەر پارتیدا، لەلایەك دەسەڵاتدارە و لەلایەکی ترەوە ئۆپۆزیسیۆنە، بۆیە ناتوانێ ئەو ڕۆڵەی پارتی لە زۆنی زەردا دەیبینێت کۆپی کاتەوە، هەروەها کێشەی ناوخۆیان زۆرەو هێزکی یەکگرتو نییە، لە هەمانکاتدا یەکێتی بۆ بەختی ڕەشی حوکمی عەجولترین خەڵکی کوردستان دەکات، ئەویش سلێمانیە...

**بۆپێشەوە: لەبەرامبەر ناردنی موچەدا، بەغدا داوای ڕادستکردنی نەوتی هەرێم، داهاتی نانەوتی، تەوتینی موچەخۆران دەکات، ئایا ئەگەر دەسەڵاتی هەرێم مل بەو داوایانەی بەغدا بدات، چ دەسەڵاتێکی دەمێنێتەوە؟ وەلاتان وایە هەرێم مل بەو داواکاریانەی بەغدا بدات؟**

**نەغەدە عوسمان:** لەدوای ڕیفراندۆمەکەی ٢٠١٧ وە حکومەتی عێراق ڕۆژ دوای ڕۆژ کاری لەسەر لاوازکردنی دەسەڵاتی هەرێم کرد، یەکەم کاریش وەستانی هەناردەکردنی نەوەت بوو، ئینجا چاودێری کردنی سنورەکان و داهاتەکەی ،ئەمەش گەورەترین دەگە بو کەلە دزی و گەندەڵی دەسەڵاتی کوردی درا، چونکە پارەی فرۆشتنی نەوت تەنها بۆ گیرفانی خۆیان بوو هیچ سودێکی بۆ خەڵک نەبوو، حکومەتی عێراق بەمەشەوە نەوەستا ئینجا کەوتە داواکردنی داهاتی نانەوتی و دوایش تەوتینی موچەخۆران واتە دانی موچە لەڕێگەی بانکەوە، ئەمانە هەمووی بووە فشارێکی بەهێز لەبەردەم حکومەتی هەرێمدا، چونکە هیچ دەسەڵاتێک بۆ حکومەتی هەرێم نەدەمایەوە و ڕێگاش لەهەموو دزی و بەقاچاغ بردنی نەوت گیرا، هەر بۆیە ملی بە هیچ داواکاریەکی بەغدا نەداو نەوتیش بەردەوام بەجادەکانی هەرێمدا فرکان فرکانیەتی، کەواتە تەنها موچەخۆرو گوزەرانی خەڵکی بووە قوربانی سیاسەتی هەردوولا.

**بۆپێشەوە: دواکەوتنی بەردەوامی موچە، چ کاریگەریەکی لەسەر ژیان و گوزەرانی فەرمانبەران بەتایبەتی و کۆمەڵگە بە گشتی دەبێت؟**

**نەغەدە عوسمان:** کاتێک بژێوی ژمارەیەکی زەبەلاحی هەرێمی کوردستان، لەسەر موچە بێت بێ ئەملاو ئەولا، کاریگەری بەهێزی خراپی دەبێت لەسەربژێوی ئەویش بە پلەی یەکەم، موچەخۆر ئینجا کاروکاسبی لە بازاڕدا، لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی، لەسەر تەندروستی خەڵک بەتایبەتی خەڵکی کەمدەرامەت، لەسەر خوێندن وەک لە ساڵانی نەوەدەکاندا؛ ئینجا بژێوی تاک بەتاکی خەڵکی کەمدەرامەت، وە هۆکاری چەندین جۆر لەئاژاوەی خێزانی، کاتێک موچەخۆرێک ناتوانێت پارەی کرێ بدا پێداویستی ڕۆژانەی دابین بکات، جوابی داواکاری منداڵەکانی بداتەوە، هێشتا زۆر شتیتریش هەیە کەلە نەبوونی موچەدا کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک.

**بۆپێشەوە: فەرمانبەرانی کوردستان زیاتر لە ١٠ ساڵە بەڕێگای جۆراوجۆر خەریکی ناڕەزایەتی دەربڕینن لە پێناو خواستی موچەکانیان وپلە بەرزکردنەوە، کەچی وەڵام بەو مافە سەرەتاییەیان نەدراوەتەوە، دەبی چ ڕێگایەکی تر بگیرێتەبەر بۆ ناچارکردنی دەسەڵات بۆ مل دان بە خواستەکان؟**

**نەغەدە عوسمان:** هەر لەسەرەتادا ئاماژەم بەوە کرد کە خەڵکی ناڕازی، هەر لەسەرەتای دەسەڵات گرتنی ئەم چاوبرسی و گەندەڵانەدا، کەوتە هاتوهاوار کە ئەمانە لە کۆمەڵێک مافیاو میلیشیاو دز نەبێت، هیچی ترنین ئەمانە تەنها بارودۆخەکەیان قۆستەوەو کەوتنە دزی و گاڵتەجاری کردن بە خەڵک بەناوی کوردایەتی و حکومەتی کوردی و دەنگدان بە دەسەڵاتی کوردی.

لەدوای ساڵانی نەوەدەکانەوە کە ڕۆژ دوای ڕۆژ برسیەتی و دواکەوتویی و شەڕی بەردەوامی هێزە کوردییەکان، چیتر ناوی دەسەڵاتی کوردی بەهایەکی نەما لە ڕۆژژمێری خەڵکی کوردستاندا، بگرە هەر گەنج وخێزان بوو هەرێمی بەجیهێشت بە ڕێگای مان و نەماندا، ئەوەشی لەهەرێمدا بوو لە پێناو بژێویدا یان سەریکرد بەکۆشی ئەحزابەکانی دەسەڵاتدا یان خۆی تەریک دەکرد لێیان.

لەساڵی ٢٠١١وە چیتر خەڵک بەرگەی لاموبالی و بێخزمەتگوزاری نەگرت، کەوتە سەرشەقامەکان و هوتاف کێشان بە بروخێ و داواکردنی لاچوونی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە، سەرهەڵدانی ئەم ناڕەزایەتیەی خەڵک جۆرێکی تازە بوو هاوشێوەی ناڕەزایەتیەکانی (بەهاری عەرەبی) بوو هاوکاتی بوو درێژەی کێشا تا چەندین مانگ دژی دەسەڵات، ئینجا ناڕەزایەتییە گەورەکەی ١٧ی شوباتی لێ دروست بوو، وە چەندین قوربانی لێکەوتەوە کە گەنج و بگرە منداڵیشی بەرکەوت، ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ هاتنە مەیدانی بەلێشاوی خەڵکی ناڕازی و هەڵقوڵاوی خەڵکی ناڕازی، بەڵام بەداخەوە ئەو هەمو هیلاکی و خوێن ڕشتنە پاش زیاتر لە دوومانگ لەلایەن ئەحزابە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکانەوە بەرامبەر بە کورسی پەرلەمان و پێگەی ئیداری لە فەرمانگەکاندا ئەو ناڕەزایەتییە گەورەیە فرۆشرا بە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی.

خەڵکی ناڕازی پاشەکشەی پێکرا، بە ئەنجامە نەخوازراوەکەی ١٧ی شوبات، بەڵام ستەمی بەردەوامی دەسەڵات و برسیکردنی خەڵک جارێکی تر خەڵکی هێنایەوە مەیدانی ناڕازی بە گوڕو تینێکی بەهێزترەوە، چونکە خەڵک بەرگەی چارەکە موچەو دزینی سێ موچەی هەمو ساڵێکی

## درێژەی: لە ژیانی تایبەتی کارل مارکسدا

کرێکارێکی ماندوونەناس و شارەزای زانستەکان، چەند ژوورێکی بۆ بەکارهێنانی تایبەتی خۆی لە مۆزەخانەی پاریس هەبوو، کە بەڕێوەبەری بوو. هەر ژوورێک بۆ کارێکی دیاریکراو دانرابوو و کتێب، ئامێر، یارمەتییەکانی توێکاری، هتد، کە بۆ ئەو مەبەستە پێویست بوون، تێیدا بوون. کاتێک لە جۆرێک لە کارکردن ماندوو دەبوو، دەچووە ژووری دواتر و کارێکی تر دەکرد؛ دەوترێت ئەم گۆڕانکارییە سادەیە لە پیشەی دەروونی، پشوویەک بوو بۆی.

مارکسیش وەک کاڤیەر کەسێکی ماندوونەناس بوو، بەڵام توانای ئەوەی نەبوو چەندین شوێنی خوێندن ئامادە بکات. ئەو بە هاتوچۆکردن لە ژوورەکەیدا پشووی دەدا. ڕێڕەوێک لە دەرگاوە بۆ پەنجەرە دروست ببوو، کە بە ڕوونی وەک ڕێڕەوێک لەناو لەوەڕگەیەکدا دیار بوو.

هەندێک جار لەسەر قەنەفەکە ڕادەکشا و ڕۆمانێکی دەخوێندەوە؛ هەندێک جار دوو یان سێ ڕۆمانی لە یەک کاتدا دەخوێندەوە، بە گۆڕینەوە لە نێوانیاندا. وەک داروین، زۆر حەزی لە خوێندنەوەی ڕۆمان بوو، زیاتر حەزی لە ڕۆمانەکانی سەدەی هەژدەم بوو، بە تایبەتی ڕۆمانی تۆم جۆنز-ی فیڵدینگ. ڕۆماننووسە مۆدێرنەکان کە زۆرترین سەرنجیان ڕاکێشابوو بریتی بوون لە پاوڵ دی کۆک، چارلز لیڤەر، ئەلێکساندەر دوما باوک و واڵتەر سکۆت، کە ڕۆمانی مردووە کۆنەکەی (Old Mortality)بە شاکارێک دەزانی. ئەو حەزێکی تایبەتی بۆ چیرۆکەکانی سەرکێشی و نوکتە هەبوو.

ئەو سێرڤانتێس و بالزاکی لەسەرووی هەموو ڕۆماننووسەکانی تر دادەنا. لە دۆن کیشۆت-دا حەماسەتی سوارچاکییەکی لەناوچوویدا دەبینی کە چاکەکانی لە جیهانی بۆرژوازیی سەرهەڵداودا گاڵتەیان پێدەکرا و سووکیان پێدەکرا. ئەو هێندە سەرسامی بالزاک بوو کە دەیویست بە خێرایی پاش تەواوکردنی کتێبەکەی لەسەر ئابووری، پێداچوونەوەیەک لەسەر کارە گەورەکەی (La Com□die humaine)بنووسێت. ئەو بالزاکی نەک تەنها وەک مێژوونووسی سەردەمی خۆی، بەڵکو وەک داهێنەری پێشبینیکەری کاراکتەرەکان دەزانی کە هێشتا لە سەردەمی لویس فیلیپدا لە قۆناغی کۆرپەلەییدا بوون و تا سەردەمی ناپلیۆنی سێیەم بە تەواوی گەشەیان نەکرد.

سەرچاوە: ئەرشیفی ئینتەرنێتیمارکس و ئەنگلس

**درێژەی هەیە...**

## درێژەی دیمانە لەگەڵ هاوڕێ نەغەدە عوسمان

نەدەگرت، بەڵام بەداخەوە ئەم نارەزایەتیانەی ساڵانی ٢٠١٣ بەدواوە شێوەی ساڵانی پێشو هەر سلێمانی قەزاو ناحیەکانی کەرکوکی دەگرتەوە، واتە زۆنی سەوز، ئەمەش تەواو نارەزایەتیەکانی بێ ئەنجام دەکرد و خاڵی لاوازی بوو.

هەمو شاهیدی ئەوەین، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤ دا کۆمەڵێک لە مامۆستای ناڕازی ویستیان شێوەی نارەزایەتی بگۆرن و شێوەیەکی بەهێزترو قورستری تیا بەکاربهێنن، بەڵکو دەسەڵات مل بدات بە دانی موچە، ئەمجارەیان مانگرتنی ١٣ مامۆستا بوو کە بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ خۆیان لە خواردن بێبەشکرد و ژیانی خۆیان خستە مەترسیەوە، تا دەسەڵات لەگەڵ عێراقدا ڕێککەوێت موچەی خەڵک لەکاتی خۆیدا بدرێت، هەرچەند دەسەڵات لەوپەڕی بێباکیەوە خۆی نیشاندا، بەڵام خەڵکی کوردستان بەتایبەتی شاری سلێمانی شەو وڕۆژ دەتوانین بڵێین سەروچەدین هەزار کەسێک سەردانی دەکردن بەو سەرماو سۆڵەیە و بۆ چرکەیەک دەوریان چۆڵنەکرا ئەمەش گۆڕینی شێوەی ناڕازی بوو، بەڵام دەسەڵاتی بێباک هیچ پێی نەجولا، لێردا گرنگ ستایشی بەردەوامی خەڵکە بۆ نارەزایەتییەکان.

دیسان مامۆستایان و کۆمەڵێک فەرمانبەر شێوەیەکی جەرگبڕتریان بەرامبەر دەسەڵات نواند کەئیتر ئەوپەڕی بوو، ئەویش ڕێگرتن بوو لە هاتوچۆی تانکەری نەوت، کە بینەقاقای دزی و گەندەڵیە لە زۆنی سەوزدا، بەڵام ئەمەیان هەر زۆر بڤە بوو، چونکە زۆرترین داهاتی دزی و گەندەڵی لێوە دەستدەکەوت، هەر بۆیە کەوتە پەلاماردانێکی تەواو بێویژدانانە بەبەکارهێنانی تێلا وەک بەڵتەجیەکانی حوسنی موبارەک بەرامبەر خەڵکی ناڕازی ساحەی تەحریری میسر، ئەمانەو جگە لە بایکۆت چەندین شێوەی تری نارەزایەتی گیراوەتە بەر، بەڵام بەداخەوە دەسەڵات فرسەتی لە نارێکی و فراوان نەبوونەوەی نارەزایەتیەکان هێناوەو مل نادات بەداواکاریەکان. بۆیە پێویستە گەشەی نارەزایەتییەکان راپەرینی خەڵک بێت بۆ کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە و دامەزاراندنی دەسەڵاتی خەڵک.

**بۆپێشەوە: هەوڵەکانی یەکێتی بۆ زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندن و کپکردنەوەی دەنگی نارەزایەتی جەماوەری و نەیارانی سیاسی دەسەڵات، چ کاریگەریەکی لەسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری هەیە؟ هەروەها ئایا یەکێتی دەتوانێت زۆنی سەوز وەکو زۆنی زەرد کۆنترۆڵ بکات؟**

**نەغەدە عوسمان:** بە جیا لەوەی یەکێتی هێزێکە هاوسەنگی هێزی لاوازە لە بەرامبەر پارتیدا، لەلایەک دەسەڵاتدارە و لەلایەکی ترەوە ئۆپزیسیۆنە، بۆیە ناتوانێ ئەو رۆڵەی پارتی لە زۆنی زەردا دەیبینێت کۆپی کاتەوە، هەروەها کێشەی ناوخۆیان زۆرەو هێزکی یەگکرتو نییە، لە هەمانکاتدا یەکێتی بۆ بەختی ڕەشی حوکمی عەجولترین خەڵکی کوردستان دەکات، ئەویش سلێمانیە ئەو شارەی مۆتەکەی سەرسەختی دەسەڵاتی بەعس بوو.

ئەم شارە خۆی شارێکە کۆنترۆڵکردنی قورسە و ناکرێت، هێزو هزری خەڵکی ناڕازی ئەم شارە پەیوەندی بە دەسەڵاتەکەیەوە نییە کە ڕێگای بەهەر نارەزایەتیەک دابێت، بگرە لە ترساندن و تۆقاندندا لەوانەیە هیچی لە زۆنی زەرد نەگەڕابێتەوە، بەڵکو وەک ئاماژەم پێکرد تا ئێستا هیچ دەسەڵاتێک توانای بەرگریکردنی هێزی نارەزایەتی خەڵکی ئەم شارەی پێنەکراوە نارەزایەتی کپکردۆتەوە، بەڵام نەیتوانیوە بەری پێبگرێ، واتە زۆر ستەمکارن و دەکوژن و دەگرن خەڵکی ناڕازی دەفرێنن، ژن کوشتن تێیدا زۆر بڵاوە، بەڵام ناتوانن کۆتایی بە نارەزایەتی خەڵک بهێنن، بەڵام بەداخەوە هێشتا ئەو هەنگاوەمان نەناوە نارەزایەتیەکان ڕێکخراو و سەرانسەری کەینەوە، ئەکید هەنگاوی لەمەودوا دەبێت ئەو کارە گرنگە بێت هەموو شارەکان بخەینە ڕیزی شاری سلێمانیەوە.

**************

## درێژەی دوا وتە

کۆمەڵگە نییە، لە خوێندن و پەروەردەوە بۆ کاردەستکەوتن و دامەزراندن، هەم دابەشی سەر زۆنەکان و هەم لەژێر هەژموونی حزبدا نەبێت.

لە ئاستی عێراقدا، هەردوو حزب پارتی و یەکێتی سەرجەم هیزەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، روبەروون لەگەڵ داکوژانی پیگەی سیاسیان و چاویان لە خێر و سەدەقەو مەرحەمەتی بەغدایە، بەجیا لەوەی تادێت هەژموونیان بەسەر ئابوری کوردستاندا لەدەست دەردەهینرێت، هاوکات بریای دەستکورتکردنەوەیان بەسەر چارەنووسی خەڵکی کوردستاندا، رەوەندێکە دەستی پێکردووە. پرسی ئەمنی و سنورەکان و بازرگانی و دەروازە کومرگیەکان و هیزی چەکدار.... ئەو دۆسیانەن کە بە بەرنامەو بەپێی دەستور و فیدرالیزمی قەومی، لە بەردەم دوبارە پێناسەکردنەوەدان.

لەسەر ئاستی ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەدا هەرکام لە پارتی و یەکێتی، گوێرایەڵی تورکیا و ئیرانن، بەڵام پێگەیان لای هەرکام لەو دوو دەوڵەتەش لاواز بووە. لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەولەتیشدا پیگەی سەرجەم ناسیونالیزمی کورد بە بەراورد بە پێشوو بەرەو خوار هاتووە و مامەڵە لەگەڵ عێراقدا جێگای گرتوتەوە.

لەناو دۆخێکی ئاوادا، چاوەروانی لە کۆبونەوەی سەرۆکی پارتی و یەکێتی، ئەوە بوو کە ڕیگاچارەیەک بۆ دۆخی خۆیان و دەسەڵاتیان، بخەنە روو، لەپێش هەموویانەوە پەیوەندیەکانیان تا ڕادەیەک ئاسایی بکەنەوە، لە پیش هەموو شتێکدا پرسی پێکهێنای کابینەی دەهەم و پیکهێنانی حکومەتی نوێ، مامەڵەیان لەگەڵ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق... بکەنە تەوەرەی سەرەکی و لەو دۆخە چەقبەستووە دەربچن، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەزمەی بزوتنەوەی کوردایەتی و هەردوو حزبی دەسەڵات بەدەست لەوە قوڵترە، بە پیکهێنانی کابینە و حکومەتی نوێ، و هەڵبژرادنەکان، وەڵام وەربگرێتەوە و ئەم چەقبەستووییە تێپەڕێنی، بۆیە کۆبونەوەکەیان ناکام بووە، هەر ئەوەش هۆکاری ئەوەیە هیچ راگەیاندنێکی فەرمی وەکو ئاکامی ئەم کۆبونەوەیە، رانەگەیەنرا.

شکستی پارتی و یەکێتی چ لەسەر ئاستی هەرێم بەگشتی و زۆنەکان و ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەتایبەتی، لە بەڕیوەبردن و وەڵامدانەوە بەسەرەتایی ترین خواست و خزمەتگوزارییەکان و پرسی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنییەکان... کۆتایی رۆڵی ئەوانی وەکو دوو هیزی بۆرژوازی لە هەرێمدا دەمێکە بە کۆتایی گەیاندووە، ئەوەی کە ئەوانی وەکو ملۆزم بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە هێشتۆتەوە، هیزی چەکداری حزبی و دەست بەسەراگرتنی داهات و پێداویستی وڵاتانی ناوچەکەیە. کۆبونەوەکانیشیان ناتوانێت بە جێگایەکی دڵخواز بگات و پەیوەندیەکانیان هیندە ئاسایی بکاتەوە، کە هیچ چاوەروانیەکی ئەرێنی لێ بکرێت.


بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
بنار مستەفا، نەغەدە عوسمان، توانا محەمەد نوری، کەژاڵ عەبدولقادر، وریای ڕەسام، سەلام سەعید، ڕێبوار یاسین، کاوان قادر، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، دیار بەرزنجی، بەندی عەلی، نەجم محەمەد، کۆژین بەهادین، ڕێبوار حەمەشەریف...

دۆسیەی ژمارە "پرسی دواکەوتنی موچە و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە"...

## هەوارێکی سەیرە یاران!



دەشتی سەوزو ڕەند بنووسم
وێنەی خاکدزێکی خوێڕی
پەشیمانم دەکاتەوە!
وەهاش خامەم لێرەو لەوێ
لەلای خەڵکی کە باس دەکرێ ..
هەندێ زاتی بەد  پێمدەڵێن؛
بێهەستێکی زمان زبرە و
دوو شیعری ناسکی عیشقی
پێنانووسرێ .. !!
(هەوارێکی سەیرە، یاران!)

هەر دەمەوێت ڕۆژێ باسی
شۆخ و شەنگی گوڵێک بکەم
لە خەیاڵم دەفرێت بەرەو
دەست و پەنجەی پیسی گوڵرن!
هەر دەمەوێت باسی عیشق و
میهرەبانیی ژنێک بکەم
لە موچڕکی چەقۆی ژنکوژ
قامچیەک ئەدات بەدڵما!
هەر دەمەوێت شیعرێکی تەڕ
بۆ ڕووبارو شاخ و باخ و

**بەندی عەلی**

### بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای ڕەسام




دوا وتە

## لەپەراوێزی کۆبونەوەی مەسعود بارزانی و بافڵ تاڵەبانیدا!

**عەبدوڵا مەحمود**

٢٧ ی ئەم مانگە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی و بافڵ تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی لە پیرمام کۆبونەوە. کۆبونەوەی هەردوو سەرۆک حزب لە کاتێکدا بوو، کە پەیوەندی هەردوو حزب لەگەڵ یەکتری لە دۆخێکی ئاڵۆزو پڕ ململانێ و کێشمەکێشدایە. نزیک بە ساڵێکە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کراوە، کەچی ئاسۆیەک بۆ پێکهێنانی کابینەی دەهەم، بۆ حکومەتێکی کارتۆنی کە هەمیشە لە ژێر هەژموونی حزبدا دەبزوێت، لە ئارادا نییە. حکومەت دەمێکە ماوەی ئاسایی خۆی تەواو کردووەو بۆتە حکومەتی کاربەڕیکەر، پەرلەمان نزیکەی ٣ ساڵە بەتەواوەتی لە کارکەوتووە.

هەر دوو لایەنی سیاسی سەرە گێژەیانە، لەناو دۆخی لە گرێژنەچووی ناوچەکە و بەپلەی یەکەم کەوتوونەتە ناو حاڵەتی چاوەڕوانی. پەیوەندی نێوانیان و هەر ڕادەیەک لە ئاسییبوونەوەی پەیوەندییەکانیان کە بتوانن حکومەت و پەرلەمانێک پێک بهێنن، بەتەواوەتی گرێی خواردووە، بە دۆخی ناوچەکە و بریاری جەمسەرە ناوچەییەکان.

پارتی و یەکێتی هەر یەکەیان هێندەی لە ئێران و تورکیا نزیکن، نیو ئەوەندە نزیکایەتی لەنێوان خۆیاندا نییە. هیندەی چاوەڕوانی ڕوداوەکانی ناوچەکەن، نیو ئەوەندە خاوەنی بەرنامە و ستراتیجی تایبەت بەخۆیان نین.

لە ئاستی ناوخۆییدا، پەیوەندی نێوان دەسەڵات" پارتی و یەکێتی" لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا، لەوپەری خراپی و دووکەوتنەوەدایە.... دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بەخێرایەکی زۆر بەرەو نابودی دەچێت...خزمەتگوزارییە زۆر سەرەتاییەکان، بەرەو وێرانکردن و بەتایبەتی کردن دەبرێن... لە تازەترین پیشهاتدا، قەدەغەکردنی نەشتەرگەری گشتی لە خەستەخانەکان، هەرەشەیەکی یەکجار مەترسیدارە بۆسەر خەڵکی نەدار و کەم دەرامەت، کە بە ئاشکرا دەکاتە ئەوەی ئەگەر کەسێک نەخۆش کەوت و پارەی قورس و زۆری نەبێت بۆ نەشتەگەری لە خەستەخانە تایبەتیەکان، دەبێ بمرێت و گیانی بکێشرێت. دەستی حزب و کۆمپانیاکانی دەستی ناوەتە گەروی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستانەوە. هیچ کایەو جومگەیەکی

بۆ لاپەڕە 14